# ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٧٩-١٩٨٨)، مەکتەبی قورئان و سازمانی خەبات بە نموونە. توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**سنەوبەر سەردار ستار**

بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Snawber.Sardar@garmian.edu.krd

**پوختە:**

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوڕوتینێکی زیاتری بەخۆوە بینی، سەرەتا مەکتەبی قورئان کەلە سەردەستی ئەحمەدی موفتی زادە دامەزرا، ئەرکی ئەم مەکتەبە تەنیا بریتی بوو لە پەروەردەو فێرکردنی لاوان لەسەر بنەماکانی ئاینیی ئیسلام، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئاراستەکەی خۆی گۆڕی بۆ کارو خەباتی نەتەوەی و داواکردنی مافەکانی کورد لەبەرانبەر ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو. پاشتریش بەهۆی هەڵوێستی نەرێنی ڕژێم لەهەمبەر خواست و داواکارییەکانی گەلی کورد کە بریتی بوو لە خودموختاری بۆ کوردستان لە چوارچێوەی ئێران، تەماشاکردنی کورد وەک گەلێکی ناموسڵمان، لەسەرەتای هەشتاکان بووە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوێکی دیکەی ئیسلامیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەناوی (سازمانی خەباتی نەتەوایەتی ئیسلامیی کوردستانی ئێران- خەبات)، ئەم ڕێکخراوەش هاوشانی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان دایە خەبات و تێکۆشانی چەکداری دژ بەڕژێم بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**کلیلی ووشەکان:** ئەحمەدی موفتی زادە، مەکتەبی قورئان، شێخ جەلال حوسەینی، سازمانی خەبات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەكی:

ئیسلامی سیاسیی سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٨ لەجیهانی عەرەبیی سەرىهەڵدا، بەتێپەڕبوونی كات ناوچەكانی دیكەشی گرتەوە، كوردستان بەگشتی و كوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت بەدەر نەبوو لەو پێشهاتانە، بۆیە پاش ڕووداوی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ دەرفەتێكی باشی بۆ موسڵمانانی سوننەی ئێران بەگشتی و كوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی هێنایەكایەوە، كە تاوەكو بتوانن لە بەرانبەر دەسەڵاتە نوێیەكە دەست بكەن بە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و مەزهەبییەكانیان.

**گرنگی توێژینەوەكە:** گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە كە تەرخانكراوە بۆ لێكۆڵینەوە لەبارەی (ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان ١٩٧٩-١٩٨٨ مەكتەبی قورئان و سازمانی خەبات بەنموونە)، لایەنە ئیسلامییەكانیش هەر لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕووخانی دەسەڵاتی شاهەنشاهیی و دروستبوونی دەسەڵاتێكی نوێ توانیان لەسەرجەم ڕووداوەكاندا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بێت، سەرەڕای ئەوەی هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە ململانێ لە نێوان ڕەوتی چەپ و ڕەوتە ئیسلامیەكە دروستبوو، وە ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەم هەوڵەكانی كەسایەتیەكی وەک موفتی زادە بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی كورد، بەڵام ئەوە بوو دواجار ڕژێمی ئیسلامی زۆر بەتوندی دژایەتی هەردوو ڕەوتەكەی كردوو بووە هۆی ئەوەی كە تاكو ئێستا كورد لەڕۆژهەڵاتی كوردستان بەردەوام بێت لە خەباتكردن.

**ئامانجی توێژینەوەكە:** خستنەڕووی ڕۆڵی لایەنە ئیسلامییەكان لە خەباتی بزاڤی نەتەوەیی كورد دا و هەوڵدان بۆ دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەكانی تێكۆشانی كورد لەسەرەتای سەردەمی كۆماری ئیسلامیی ئێران و تیشك خستنە سەر ئەو هەنگاو و هەڵوێستانەی كە كەسایەتی و لایەنە ئیسلامییەكان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە هەمبەر ئەم دەسەڵاتە بۆ وەرگرتنی مافە نەتەوەیی و مەزهەبییەكانیان گرتوویانەتە بەر.

**هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:** لەبواری ئەكادیمییەوە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا ژمارەیەک نامەی ماستەرو دكتۆرای لەسەر نوسراوە، بەڵام تاكو ئێستا توێژینەوەیەكی زانستی تایبەت بەڕەوتی ئیسلامیی سیاسیی لەڕۆژهەڵاتی كوردستان لەم ماوە مێژووییەدا نەكراوەو ڕۆڵیان لەو ڕووداوانە ڕوون نەكراوەتەوە.

هەوڵمانداوە لەم توێژینەوەیەدا بەپشت بەستن بە ڕێبازی لیكۆڵینەوەی زانستی ڕووداو و پێشهاتەكان باس بكەین و لایەنە شاراوەكان بخەینەڕوو بەشێوەیەكی بابەتیانە لەسەر بنەمای میتۆدی (وەسفی- شیكاری)، ڕاڤەو شرۆڤەی ڕووداوەكان بكەین، هەروەها لەئەنجامدانی توێژینەوەكەدا پشت بەسەرچاوە مێژوویيە ڕەسەنەكان بەستراوە، بەتایبەت بەڵگەنامەو بڵاوكراوەی پارت و ڕێكخراو و گروپە سیاسییە جیاجیاكانی كوردستان، بەدەر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەوەی پشت بەستراوە بە گێڕانەوەی بیرەوەی ئەو کەسانەی کەلە نێو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ڕۆڵیان بینیوەو شایەتحاڵ و هاوسەردەمی ڕووداوەکان بوون.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** پێشەکی و دوو بەش لە خۆدەگرێت کە هەربەشە و بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، بەم شێوەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: ژیانی ئەحمەدی موفتی زادەو ڕۆڵی نابراو و لایەنگرانی لەڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٧٩–١٩٨٨. بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە: تەوەری یەکەم: ژیانی ئەحمەدی موفتی زادە. تەوەری دووەمیش بۆ ڕۆڵی موفتی زادە و لایەنگرانی لەڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٧٩–١٩٨٨تەرخانکراوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەش لەم بەشەدا باس لەژیانی شێخ جەلال حوسەینی و ڕۆڵیَ لەشۆڕشی گەلانی ئێران و دواتریش دامەزراندنی سازمانی خەبات دەکرێت. تەوەری یەکەم: بۆ باسکردن لەسەر ژیانی شێخ جەلال حوسەینی تەرخانکراوە. تەوەری دووەم: لەم تەوەرەدا تیشک خراوەتە سەر ڕۆڵیَ شێخ جەلال حوسەینی لەشۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی سازمانی خەبات.

## بەشی یەکەم: ژیانی ئەحمەدی موفتی زادەو دامەزراندنی مەکتەبی قورئان

### تەوەری یەکەم: ژیانی ئەحمەدی موفتی زادە:

ئەحمەدی موفتی زادە لەساڵی ١٩٣٤ لەشاری سنە، لە بنەماڵەیەکی ئاینیی و خاوەن زانست بە ناوی بنەماڵەی(موفتی) لەدایکبووە(عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٢٤)، ناوبراو کوڕی مەلا مەحمود کوڕی مەلا عەبدوڵلای کوڕی مەلا مەحمودی دشە، باپیری ئەو واتە مەلا عەبدوڵلا خەڵکی گوندنی (دشە) یە کە دەکەوێتە نزیک پاوە لەوێوە کۆچیکردووە بۆ شاری سنەو تێدا گیرساوەتەوە، ئەو ساڵەکانی فەقێتی لەناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەلآت و باشور بەڕێکردووە، پاشان توانیوێتی ببێتە یەکێک لە زانا ناودارەکانی سەردەمی خۆی و نازناوی (عەلامەی دشەی) لێنراوە(عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٢٥) مەلا مەحمودی باوکی موفتی زادە پاش کۆچی دوای باوکی جێگای ئەوی گرتەوەو بوو بە کەسایەتییەک تێگەیشتنێکی بەرزی لەبواری ئاییندا هەبووە. (عزەتیار و کەعبی، ٢٠١٩: ٦٦).

موفتی زادە هەر لە مندالْیەوە نێردراوەتە بەر خوێندنی ئاینیی و لەشارەکانی سنەو مەریوان خوێندوویەتی(زاگرۆس، ٢٠١٩: ٢٠٧)، لەتەمەنی پانزدە ساڵی بەمەبەستی خوێندن چۆتە مەریوان، بەلآم باوکی ناردوویەتی بە دوایدا، بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ سنە؛ پاش ساڵێک بڕیاردەدات بچێتە باشوری کوردستان لەویَ چاوی بە چەند کەسایەتیەکی ناودارو دیاری کورد دەکەوێت لەوانە(مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، مەلا حەسەنی عەبابەیلیَ و موستەفا زولْمیَ...)، ماوەیەک لەسەر خوێندن بەردەوام دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی شارو شارۆچکەکانی وەک (سلێمانی، قەڵادزیَ و پشدەر ...) ی کردووە، بەم شێوەیە دوو ساڵ لە کوردستانی باشور ماوەتەوەو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە(موحەممد، ٢٠١٩/٥/٢٧)، دوای ئەوەی باوکی دەرکی بە تواناکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ناوبراو كردووه وانه ئاينييەكانی خۆی له خوێندنگەی (دارولئيحسان)، پێ سپاردووه وانەی ئوسول فيقه به خوێندكارەكانی وتۆتەوەو لەم ڕێگەیەوە زیاتر ناسراوە(موحەممد، ٢٠١٩/٥/٢٧)، دواتر لەساڵی ١٩٥٦ چۆتە تاران لەكۆلێجی ئیلاهیاتی زانكۆی تاران وانەی ماف، فەلسەفەو مەزهەبە ئیسلامییەكانی وتۆتەوە(زاگرۆس، ٢٠١٩: ٢٠٨)، هەروەها لەم ماوەیەدا ئاشنا دەبێت بە حاجی عەبدولڕەحمان ئاغای موهتەدی كە بەهەمان شێوەی باوكی موفتی زادە لەو زانكۆیە وانەی ئاینیی وتۆتەوە، حاجی عەبدولڕەحمان ئاغا كاریگەرییەكی زۆری لەسەر كوردایەتی نەوەی ئەو سەردەمەی خوێندكارانی كورد دادەنێ، هەربۆیە ئەحمەدی موفتی زادە سەردانی ماڵی ناوبراوی لە تاران كردووە، چونكە ئەو ماڵە شوێنێك بوو بۆ كۆبوونەوەی بەردەوام سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی كوردیی، ئەم ئاشنایەتیەی نێوان هەردووكیان دەبێتە هۆی ئەوەی موفتی زادە ببێتە زاوای حاجی عەبدولڕەحمان ئاغاو لەگەڵ خاتوو خەدیجەی كچی ناوبراو ژیانی هاوسەرگیری پێك بێنێ(عزەتیار و كەعبی، ٢٠١٩: ٦٦)، پاشان لە ڕادیۆی كوردیی تاران كاریكردووەو هاوكات لە ڕۆژنامەی كوردستان كە ئەوكات دەردەچوو كاریدەكرد، بەڵام ئەم كارانەی زۆر ناخایەنێت، لە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە حیزبی دیموكراتەوە كردووە، لەساڵی ١٩٦٤ بە تاوانی ئەندامێتی لەم حیزبە كە ئەو كات بەرپرسی كۆمیتەی مەركەزی حیزبی دیموكرات لە تاران بوو لە زیندانی (قزڵ قلعه) (زندان قزل قلعه ١٣٩٣/٢/٣)[١]، دەستبەسەر دەكرێت(زاگرۆس، ٢٠١٩: ٢٠٨)، ئەو ماوەیەیی لە زیندان دەبێت گۆڕانێكی ڕیشەی لە بیروبۆچوونیدا ڕوودەدات كە خۆی ئەمە بە ئەزموونیكی تایبەتی عیرفانی دادەنێت، پاش شەش مانگ مانەوەی لە زیندان ئازاد دەكرێت و دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی كە شاری سنە بوو، ساڵانێكی زۆر لە ژێر چاودێری و كۆنترۆڵی توندی سیاسیی و ئابوریی بەسەردەبات بەجۆرێك كە نەیدەتوانی كەمترین خواست و پێداویستی بۆ خانەوادەكەی فەراهەم بكات(محمود، ٢٠١٨/٢/١٠)،پاش ماوەیەك بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر بۆ هاوسەرەكەی چۆتە تاران، دوای ئەوەی هاوژینەكەی كۆچی دوایی كردووە دەگەڕێتەوە بۆ شاری سنە(مختصری از زندگینامەی علامه احمد مفتی زاده، ٢٠١٥/٨/٥).

هەروەها لەسەر داوای وەزارەتی دادو پاش هەوڵێكی زۆر لەدوای باوكی و حاجی مەلا خالیدی مامی دەبێتە حاكمی شەرعی شاری سنە، دوای ئەوەی بڕیارو هەڵسوكەوتەكانی موفتی زادە بەدڵی كاربەدەستانی ئێران نەبووە، بەڵام بەم حاڵەشەوە تا كۆتایی تەمەنی ڕژێمی شای ئێران وەك حاكمی شەرعی مایەوە(مەحمود، ٢٠١٨/٢/١٠)، ناوبراو هەر لەگەڵ سەرقاڵبوونی بەكارو ئەركەكانی وەك حاكمی شەرعی شاری سنە چالاكیە ئاینیی و كۆمەڵایەتییەكانیشی ئەنجام دەدات و لەم ڕێگەیەوە هەولدەدات خەڵكی لە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی پەهلەوی و خورافات و بیركردنەوەی هەڵەی پیاوانی ئاینیی ئاگادار بكاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی ١٩٧٧ بڕیاری دامەزراندنی مەدرەسەی قورئانی دا كە دواتر ناوەكەی گۆڕی بە مەكتەبی قورئان، ئەم خوێندنگەیە وەك ناوەندێكی ئیسلامیی بۆ پەروەردو فێركردنی لاوان سەرەتا لەشاری مەریوان و دواتریش لەشاری سنە دامەزرا(مەلا تەها، ٢٠١٧/٧/٦)، ئامانج لە دامەزراندنیشی بریتی بوو لە: ناساندنی ئایین بەو جۆرەی كە خۆی لێی تێگەشتبوو لەگەڵ پەروەردەكردنی تاك بەو چەشنەی كە پێی وابوو كە پەروەردەكردنێكی ئاینیی دەبێت بەوشێوەیە بێت. لە خوێندكارە دیارەكانیشی بریتی بوون لە: ( هادی موڕادی، فوئاد مەردۆخ ڕۆحانی، سەعدی قورەیشی، ماجد مەردۆخ ڕۆحانی...)( موحەممد، ٢٠١٩/٦/٩)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لەدیدێکی ئاینییەوە وانە پەروەردەیی، کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی گوتەوە، بۆ نموونە لەڕووی پەروەردەکردنەوە دەیگوت: پەروەردەکردن پێش فێرکردنە... یاخود بریتیە لە دروستکردنی کەسایەتی هەر مرۆڤێک، ڕێک وەک ئەوەی وەری گرتووە(عەبدوڵلا، ٢٠١٤: ١٢)، یان سەبارەت بە مەسەلەی هاوسەرگیری پێی وابوو: هاوسەرگیری لەسەرەتای تەمەنی گەشەکردنەوە لە کۆمەڵگایەک کە بەپێی بنەماکانی ئاینی ئیسلام حوکم نەکات کارێکی خراپە، چونکە کێشەی زۆریان بۆ دروست دەبێت لە بری ئەوەی هاوسەرگیری ئەو بەرهەمەی هەبێت کە ببێتە هۆی بەختەوەری بۆ کچان و کوڕان، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیان کێشەیان بۆ دروست دەکات، چونکە لەم جۆرە لە کۆمەڵگا گەنجان چاوەڕوانی ئەوەن ببن بەخاوەن هەموو پێداویستییەکانی ژیان، پاشان بڕیار لەسەر هاوسەرگیری بدەن، هەروەها ناوبراو بابەتێکی گرنگ دەوروژێنێت سەبارەت بەجۆریەتی ئەو ئیش و کارەی کە پێوستە ژنان ئەنجامی بدەن، ئەمە بەدەر لەوەی ئەو بنەمایە هەڵدەوەشێنێتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات بۆ ژنان نیە ئیش و کار بکەن و ببن بە خاوەنی ئابوریی خۆیان(عەبدوڵلا، ٢٠١٩: ٣٥-٩٨)، لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بە جیاوازی نێوان مەزهەب و ئایین دەکات پێی وایە مەزهەب و ئایین دوو شتی جیا لەیەکترن ئایین قەدەو مەزهەب لقێکە لە ئایین، ئێمە بەهۆی ئەوەی لە قەد دوورکەوتوینەتەوە و پەنامان بۆ لقەکان بردووە، دەبێت هەوڵدەین ببین بە ئاینیی نەک مەزهەبیی، بۆ ئەمەش تەنها ڕێگە چارە پێکهێنانی ڕاوێژە مەگەر نا هەرگیز ناتوانین یەک بگرین(مفتی زاده، وحدت اسلامی: ١١)، هەر لەم بارەیەشەوە دەڵێت: ئێمە هەوڵدەدەین موسڵمان گەلێکی شۆڕشی پەروەردە بکەین کەلە نێو چوارچێوەی مەزهەبی سوننەدا دیل نەبن و ئازادبن و بێنە دەرەوە، هەوڵدەن جوڵە بدەن بە خەڵک بەرەو ئیسلامێکی شۆڕشی، کە یەکێک لەکارەکانی و بنەڕەتی کار ئەوە دەبێت کە ئەم موسڵمانانە لەنێو جوڵانەوەکەیاندا خەڵکی لەوە ئاگاداربکەنەوە کە ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نیە خۆمان بە خاوەن ئایین بناسێنین و بیروبۆچوونەکانمان وەک ئایین بە خەڵک بناسێنین، بەڵکو هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی شورای ئیسلامیی دروست بێت... (عەبدوڵلا، ٢٠١٤: ٢٤)، پاشان دەیگوت: "موسڵمانی مەکتەبی کەسێکە ئەم ڕاستییە بە تەواوی بوونی دەرک بکات کە تەنها ئیسلام ڕێگەی ئازادیی و سەرفرازی مرۆڤە و تەنها ڕێگەی ڕزگارکردنێتی لە ستەم و زیلەتی ماددی و مەعنەوی، جگەلەوە دەرکی ئەوە بکات کە ژێربینا و بنەما لەمەکتەبیدا بریتییە لە عەقیدە"(عەبدوڵلا، ٢٠١٤: ٦٢).

هەربۆیە مەکتەب پاش چەند ساڵ لە ڕاگەیاندنی بەردەوام و چڕوپڕو بەستنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی خوێندکار، مامۆستایانی ئاینیی و چەندین کەس لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان بوون بە پەیڕەوکەرو لایەنگری ڕێبازی بونیادگەرایی ئیسلامیی و لەگەڵ موفتی زادە گفتیان دا، هەرچەندە ناوبراو پەیڕەوەکانی لەزۆربەی شارو ناوچە سوننە نشینەکانی کوردستاندا لەحاڵی کارو چالاکی و هەڵسوڕانی ڕاگەیاندن بوون، بەڵام شاری سنە وەک ناوەندێکی پڕ لە جەماوەر بوو بە بنکەی سەرەکی موفتێکان و ئەندامانی پایە بەرزی مەکتەبیش لەوێدا نیشتەجێکران(م، ٢٠٠٨: ٢٤-٢٥).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی موفتی زادە و لایەنگرانی لەڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٨

لەساڵی ١٩٧٧ لەئێران ئاڵوگۆڕەكان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەكان بۆ یەكەم جار لەشارەكانی تاران، قوم و تەورێز بەبەشداری چینی ڕۆشنبیرو پیاوانی ئاینیی و ... دەستی پێكرد(عیوضی: ١٤٤)، پاشان ئەوەندەی نەبرد زۆربەی شارو شارۆچكەكان و تەنانەت گوندەكانیشی گرتەوە، بەمەش قۆناغێكی نوێی تێكۆشان دژ بە ڕژێمی شا دەستی پێكرد، ڕژێم بەهەموو جۆرە توانایەكی سەربازی كەوتە گیانی كۆمەڵانی ڕاپەڕیوی خەڵكی ئێران و كوشتاری بەكۆمەڵ لە شارەكانی تاران و قوم دەستی پێكرد، بەڵام ئەمە نەبووە بەربەست لەبەردەم ڕاپەڕینەكان، بەلكو بەپێچەوانەوە زیاتر ناوچەكانی ئێرانی گرتەوە(ابراهامیان، ١٣٩١: ١٤٥). لەڕۆژهەڵاتی كوردستانیش ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان دەستی پێكرد، یەكەمین خۆپیشاندانیش لە شاری مەهاباد بوو، كاتێک بڕیاردرا تەرمی (عەزیزی یوسفی) ، لە ڕێوڕەسمێكی نەتەوەیدا بەخاک بسپێردرێ(ستار, ٢٠١٦: ٣٨)، ئیدی بەمەش لەشارەكانی تری ڕۆژهەڵاتی كوردستان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەكان دەستیان پێكرد، لەشاری سنەش هاوشیوەی شارەكانی دیكە بەڕابەرایەتی موفتی زادە خۆپیشاندان دژ بە ڕژێمی شا دەستی پێكرد، ناوبراو چووە سەر سەكۆ و باسی پێوستی دانانی یاسایەكی بنەڕەتی و سڕینەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆی كرد(عزەتیار، ٢٠١٩: ٣٤٩)، تەنانەت بەر لەدەستپێكردنی شۆڕش لەگەڵ خومەینی لە پەیوەندیدا بوو، كە خودی موفتی زادە لە پرسیارێكدا كەلەم بارەیەوە ئاراستەی كراوە بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە: "بەڵێ من لەڕێگەی ئەو مەلایانەی كەهاتووچۆی عێراقیان دەكرد لەگەڵ ئیمام لە پەیوەندیدا بووم و لە ئامۆژگارییەكانی سوودم وەردەگرت"(زاگرۆس، ٢٠١٩: ٢٠٩).

سەبارەت بەشارەكانی دیكەش (مەلاناسری سوبحانی) ش وەک لایەنگری مەكتەبی قورئان لەشاری پاوەو دەوروبەری لەڕێگەی وتارەكانی نوێژی هەینی هانی خەڵكی دەدا بۆ ڕاپەڕین و سەركەوتنی شۆڕش(سینا، ٢٠٠٦: ٢٦-٢٧)، هەروەها بایەخی بەپرسی نەتەوەیی دەداو ئەوەی دەخستە ڕوو نەتەوەی كورد دەتوانێ حكومڕانی بكات و خۆی بەڕێوە ببات، وە بەنەتەوەیەكی چەوساوەی دەزانی و پێی وابوو دوژمن ناهێڵێت كورد یەكگرتووبن(وتوویژ لە گەڵ مەنسوور سوبحانی, ٢٠١٥/٣/٢١).

دواجار شا ناچار بوو لە ڕۆژی ١٦ی كانوونی دووەمی ١٩٧٩ لەڕێگەی فڕۆكەخانەی میهرئابادەوە بەنێوی چارەسەركردنی نەخۆشی لەگەڵ فەرەحی خێزانی بڕیاری دا بەیەكجاری ئێران بەجێبهێڵێت(اطلاعات، ٢٦دی ماه ١٣٥٧, شماره١٥٧٦١: ٣)، بەڕۆشتنی شا خومەینی لە ١ی شوباتی ١٩٧٩ لە فەڕەنساوە گەڕایەوە بۆ وڵات، بەگەڕانەوەی ناوبراو موفتی زادە نامەیەكی بۆ دەنێرێت و تێیدا داوای مافی كورد و كەمە نەتەوایەتییەكانی دیكەش دەكات، ئەوانیش بەلێن دەدەن بە داخوازییەكانی ڕازی بن(موحەممد، ٢٠١٩/٦/٢٣)، هەروەها خومەینیش لە ١٩ی شوباتی ١٩٧٩ نامەیەک بۆ موفتی زادە دەنێرێت كە تێیدا هاتووە: "زانای گەورە و بوێری ئاینیی بەڕێز كاک ئەحمەدی موفتی زادە بە خزمەتانی ڕادەگەیەنم هەوڵ و چالاكی بەردەوامتان لەڕێگەی خەباتی ئیسلامیی وە هەوڵەكانتان لەم ڕێگەیە جێگەی ڕێزو پێزانینە، هیوام وایە هەمیشە لە بەڕێوەبردنی ئەركی ئاینیی و بەرەو پێشبردنی ئامانجی ئیسلامیی سەركەوتوو پایەداربی، ئەوەی كە بەڕێز حوجەتولئیسلام كاک حاجی شێخ حوسەین نوری كەلە مامۆستایانی بەڕێزی ئاینییە، ڕەوانەی كوردستان كراوە، هەر مەسەلەیەک هەبوو دەتوانی لەڕێگەی ناوبراوەوە بەمنی ڕاگەیەنی ... بە ئومێدی ئەوەی بە هەوڵی بەڕێزان هەرچی زووە حكومەتی كۆماری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئیسلامیی بەرقەرار بێت..."( نامه به احمد مفتی زاده و اعزام اقای نوری به کردستان، ١٣٩٩)، دواتریش هەر بەمەبەستی داواکردنی مافەکانی کورد موفتی زادە سەردانی تاران دەکات و لەنێو ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینیی چاوی بە خومەینی دەکەوێت(عزەتیار، ٢٠١٩: ٣٥٢).

خومەینی پاش چەند ڕۆژ لە گەڕانەوەی بۆ ئێران مەهدی بازرگانی کرد بە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی(اطلاعات، ١٣٥٧, شماره١٥٧٧٦: ٥)، بەم بڕیارەی خومەینی حکومەتەکەی بەختیار کۆتایی پێهات، بەمەش ناچار بوو لە ٨ی شوباتی ١٩٧٩ ئێران بە جێبهێڵێت، چەند ڕۆژ دواتر بازرگان دەست بەکار بوو(گەوهەری، ٢٠١١: ٨٣)، بەم بۆنەشەوە موفتی زادە نامەیەکی پیرۆزبای ئاراستەی ناوبراو کردو تێیدا بەکەسێکی شایستەی وەسفکرد بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە(نامه كاك احمد مفتی زاده به مهندس مهدی بازرگان, ٢٠٢٠/٤/١٦)، پاشان بازرگان چەند نوێنەرێکی لە تارانەوە ڕەوانەی کوردستان کرد، بەمەبەستی گفتوگۆ کردن لەگەڵ نوێنەرانی کورد(سەردەشتی، ٢٠١٠: ٥٩٢)، ئەوانیش داخوازییەکانی گەلی کوردیان لە هەشت ماددەدا داوەتە نوێنەرانی حکومەت، ئەم داواکاریانە بەگەڵاڵەنامەی هەشت ماددەی شاری مەهاباد ناسرا، دوا ماددە تایبەت بوو بە دەرکردنی گروپی (قیادە مووقەتە)[٥] داوایان لە حکومەتی شۆڕش کرد کە هەموو جۆرە پەیوەندی و لێک نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ ئەو گروپە ببڕێت و ڕێبەرانی ناپاکیان لە ئێران دەربکرێ(گەوهەری، ٢٠١١: ١٠٥-١٠٧؛ کۆچێرا، ٢٠١٣: ٢٥٣)، سەبارەت بە تێڕوانینی موفتی زادە لەبارەی قیادە مووقەتە، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیتلاعات دەڵێت: "بەهۆی ناپاکی شاهەنشاهیی و شکستی مەلا مستەفای بارزانی، زۆرێک لەم برایانە لەئێران ماونەتەوە، وە لەشارە جیاوازەکانی ئێران دەژین، ئەوان لە وڵاتی خۆیان نین، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم پەنابەرانە فەرماندەیەکی کاتی پێکهێنراوە ئەوان بەڕای من بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆ نادەن، ئەگەر هەلێک بۆ پێکهێنانی ئاشتیی لەنێوان بارزانیەکان و تاڵەبانیەکان بێتە پێش کە ماوەیەکە بۆ ئەم کارە هەوڵدەدەم، لەم لایەنەوە ئەم پەنابەرانە بۆ عێراق دەگەڕێنەوەو لەگەڵ یەکتر بە ئاشتیی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد تێدەکۆشن..." (اطلاعات، ١٣٥٨، شماره١٥٨٧٤: ٣).

کاتێک پیاوانی ئاینیی شیعەش نوێنەری خۆیان ناردە سنەو پاشان دەفتەر(نوسینگە)یان بۆ خۆیان دانا، کە لە لایەن ئایەتوڵڵا سەفدەریەوە سەرپەرشتی دەکران(ئەمین, ١٩٩٨: ١٢٠؛ اسناد لانه جاسوسی، کردستان(٢)، سند ٢)، لە (١٧/ئازار/١٩٧٩)، موفتی زادە داوای لەفەرماندەی لەشکری ٢٨ی سنە، بەرپرسی کۆمیتەی ئیمام کرد چەکەکانیان ڕادەست بکەن، بەڵام بەم داواکاریە ڕازی نەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لایەنگرانی ئەحمەدی موفتی زادە هێرش بکەنە سەر کۆمیتەی ئیمام، لەکۆتاییدا بووە هۆی دروستبوونی شەڕو پێکدادان لەنێوان هەردوو لایەن ژمارەیەک کوژراو برینداری لێکەوتەوە(اطلاعات، ١٣٥٧, شماره ١٥٨١٢: ٣)، لەلایەک هەوڵی بردنی گەنمی سایلۆکانی شارەکە لەلایەن حکومەتەوە بڵاوبووەوە، ئەمەش بووە هۆی تووڕەی خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سنە هێرشیان کردە سەر کۆمیتەی ئیمام و ناچار سەفدەری هەڵهات و ڕۆشتۆتە سەربازگەی ٢٨ی سنە(مراد بیگی، ٢٠٠٤: ٨٨-٩٩).

پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەنێوان خەڵکی شارەکەو ڕژێم شەڕ بەردەوام بووە زیانێکی زۆر بەر ئەو شارە کەوتووە بەدەیان خانوو وێران بوو، دواتر بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشکردنە سەر سەربازگەکان و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کۆتایهێنان بەشەڕەکە موفتی زادە و شێخ عیزەدینی حوسەینی لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی دیکە لە ڕێبەرانی ئاینیی لەماڵی (مەلا عەبدوڵڵای موحەممەدی)، وتار خوێنی هەینی سەقز ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی مەسەلە بنەڕەتیەکانی میللەت دەربڕی، سەرئەنجام گەیشتنە ڕێکەوتن و بەشێوەی بەیاننامەیەکی سێ ماددەی ئیمزاکراو بڵاوکرایەوە کەبریتی بوون لە: (ڕایدەگەیەنین هیچ کەسێک مافی ئەوەی نیە هیچ جۆرە ڕاگەیەندراوێک بەناوی هەریەک لە ئێمە دژی یەکتر بڵاوبکاتەوە، سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە ئێستا لەسنە ڕوودەدات ڕێکەوتنی خۆمان لەبارەی دەست هەڵگرتن لە دوژمنایەتیکردن و هێرشکردنە سەر سەربازگەکان ڕادەگەیەنین، بۆیە لەم دۆخەدا هەر هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دژی کردارە ستەمکارەکانی حکومەت ڕەتدەکەینەوە بەدژی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی دەزانین) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٠: ٢٢٧؛ اطلاعات، ١٣٥٧، شماره ١٥٨١٢: ٥)، دەوڵەتیش پاش بینینی ئەو کوشت وکوشتارەی سەربازگەکە، چەند نوێنەریک لەوانە ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، بەهەشتی، ڕەفسنجانی و بەنی سەدری ناردۆتە شارەکە و لەگەڵ هاتنیان لەلایەن ئەحمەدی موفتی زادەو پێشوازیان لێکراوە، پاشتریش بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە تاڵەقانی خەڵکی سنەی لەمەیدانی ئینقلابی شار کۆکردەوەو پێی ڕاگەیاندن کە لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە دەستەیەکی ڕاوێژکاری دابنێن وە ڕاوێژکاریەکە بە نوێنەرایەتی خەڵک کاروباری شار ئەنجام بدات(ولد بیگی، ١٣٨٧: ٣٥٧؛ اطلاعات، ١٣٥٧, شماره ١٥٧٩٢: ٤؛ اسناد لانه جاسوسی، کردستان (١),سند ١٧)، پاشان شاندەکە لەگەڵ هەریەک لە موفتی زادە، شێخ عیزەدینی حوسەینی و غەنی بلوریان... کۆبوونەوە، لەم بارەیەوە حوسەین خەلیقی دەڵێت: " گەلاڵە نامەیەکمان نوسی بۆ ئەوەی بیدەین بە شاندەکە، بە موفتی زادەمان گوت واژۆی بکات، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو ئەم کارە بکات، دواتر سەلاحی موهتەدی بەزۆر ڕازیکرد، دواجار هەموویان ڕۆشتن بۆ شوێنی گفتوگۆکە، بەڵام کۆبوونەوەکە سەری نەگرت، چونکە پێشتر بەلێنیان بە موفتی زادە دابوو کە خودموختاری ئیسلامیی بە کورد دەدەن بەڕابەرێتی ناوبراو..."( کاک احمد مفتی زاده، ١٣٩٨)،

پاشتریش بەمەبەستی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری شار هەڵبژاردنی شوراکان لە نیسانی ١٩٧٩ بەڕێوەچوو، لەشاری سنە مەکتەبی قورئان دەنگی یەکەم بەدەست دەهێنێت لە یانزدە کەسی هەڵبژێردراوی خەلکی شارەکە هەشتیان مەکتەبی قورئانی و نزیک لە موفتی زادە بوون، کە بریتی بوون لە(فوئاد ڕۆحانی، یوسف ئەردەڵان، جەبار ئاریانپور، هادی مورادی، مەعروف شبلی، فەریدە قورەیشی، مەلا محمود ئەیوبی، عیماد سەید زاهیدی، ئەحمەد خەلیقی، ئەرسەلان پور قوباد و ئیبراهیم شا حوسەینی(زاگرۆس، ٢٠١٩: ٢١٠؛ بلوری، حەسەنخاڵی، ٢٠٠٤: ٥٨)، هەرچەند دواتر موفتی زادە لە گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕۆژنامەی ئایندگان ڕایگەیاند کە ساختەکاری و سەرپێچی ئاشکرا لە هەڵبژاردنەکانی سنە ئەنجامدراوە شایەت و بەڵگەی بەهێز هەیە، هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد دەبێت ئاگاداربن کە هەر ڕێکخستنێکی کۆمەلایەتی وابەستە بەشوراوە پەسەندترین جۆری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەهێنێتە کایەوە، سەرئەنجام ئەوەی دەبێت بیری لێبکرێتەوەو گرنگی پێ بدرێت هەوڵدانە بۆ بەرقەرارکردنی هاوڕێک بوون و ئارامیی لەسەر بنەمای یەکسانی کۆمەلایەتیی و چاودێریکردنی بنەماکانی دیموکراسیی لە کۆمەڵگادا(عەبدوڵڵا، ٢٠١٠: ٣٣٤)، پاشان ناوبراو و چەند کەس لە ئاوەڵەکانی وەک بەشێک لە ئەندامانی شورای یازدە کەسی سنە هەوڵی دابەزاندنی بەرنامەو پرۆگرامەکانی خۆیانیان دا، بۆ ئەوەی بەدەر لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

شاری سنە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەلاتیش ببنە ئەندام و بەڕێوەبەری شورای شۆڕش(م، ٢٠٠٨: ٢٦).

هەروەها موفتی زادە لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە (٥/ئایار/١٩٧٩)، بانگهێشت نامەیەک بڵاودەکاتەوە بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسێک لەشاری سنە بۆ داواکردنی خودمختاری کورد لەڕۆژهەلاتی کوردستان کە تێیدا هاتووە: "کۆماری ئیسلامیی نیاز پاکیان لەبەرانبەر خواستەکانی کورد نواندووە، وە لەمەسەلەیەکی لەم جۆرە تاکەکەس یاخود کەسانێک لە میللەت مافی بڕیاردانیان نیە، بەڵکو تەنها ڕێگەی گونجاو کەسانێکە لە هەموو چین و گروپە سیاسییەکان، تا لەم ڕێگەیەوە هەندێک نوێنەر دیاری بکرێت و ئەم نوێنەرانەش گەلاڵەنامەیەکی پێوست بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت ئامادە بکەن، ئەو کەسانەش کە وەک نوێنەر هەڵدەبژێردرێن دەبێت خۆیان بە نوێنەری خەڵک بزانن.... بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە جارێک لە سەقزو جارێکی دیکەش لە کرمانشان هەوڵدراوە، بەڵام بەداخەوە بە ئەنجام نەگەیشت، بەم حاڵەش ناکرێت بەهۆی ئەمەوە دەست لە خواستەکانی گەلی کورد هەڵگرین، لەڕێگەی ئەم کۆنفرانسەوە دەمانەوێت ژمارەیەک وەک نوێنەری کورد هەڵبژێردرێن، تاوەکو باشترین گەلاڵەنامە بنوسن بۆ خواستە هەمە جۆرەکانی کورد بەتایبەت مافی خود موختاری لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران..." (اطلاعات، ١٣٥٨, شماره ١٥٨٧٣: ٢)، بەڵام کاتێک کۆنفرانسەکە دەستی پێکرد هەندێک لە کەسایەتیە دیارەکان لەگەڵ پارتە سیاسییەکان بەشدارییان نەکرد، لەوانە: ( شێخ عیزەدین حوسەینی، کۆمەڵەی مامۆستایانی کوردستان، کۆمەڵەی پارێزگاری لە ئازادیی و ئینقلابی کوردستان، شورای هاوکاری کۆمەڵەکانی کوردستان، ڕێکخراوی چریکی فیدای خەلق لقی کوردستان، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان)، سەبارەت بەبەشدارینەکردنی ئەم کەس و لایەنانە عومەر ئیلخانی زادە دەڵێت:" ئێمە بەشداریمان لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکانی موفتی زادە نەکرد، چونکە ئەو کاری بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئەکردوو لەگەڵ ئەودا بوو..."(موحەممد، ٢٠٢٠/٨/٢٣) ئەوانەشی کە بەشدارییان کرد بریتی بوون لە (گروپی عەدالەت خوازی کوردستان، گروپی ئیسلامی نەسر، ئەنجومەنی ئیسلامیی بازاڕەکانی سنە، ئەنجومەنی ئیسلامیی "دانش آموزان"، ئەنجومەنی ئیسلامیی گەنجان، ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکارانی زانکۆ)( عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٢٨٨؛ اطلاعات، ١٣٥٨, شماره ١٥٨٧٤: ٢)، موفتی زادە ویستی لەم ڕێگەیەوە بابەتی خودموختاری تەواوتر بەشێوەیەکی هەمەلایەنەتر بخاتە ژێر شیکارییەوە، هەوڵی دەستەبەرکردنی وردی سیستەمی ئابوریی و کۆمەلایەتی ئیسلامیی بدات، واتە کەمترین جیاوازی چینایەتی چ لەڕووی ماددییەوە چ لەڕووی مەعنەوییەوە لە کۆمەڵگادا نەبێت(عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٢٨٨).

دوای ئەوەی خومەینی (٣٠/ئازار/١٩٧٩)ی بۆ ڕۆژی ڕیفراندۆم لەسەر کۆماری ئیسلامیی دیاریکرد(منظمی، ١٣٩٢: ٤٣)، لەم دەنگدانەش تەنها یەک هەلبژاردە لەبەردەم خەڵکی بوو ئایا ڕازین بەکۆماری ئیسلامیی یاخود نا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ناڕەزایەتیەکی توند لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردەوە لێبکەوێتەوە هەر لەم بارەیەوە لە ڕاگەیەندراوێکی پێشوەختەدا داوایان لە کورد کرد دەنگ بەم ڕیفراندۆمە نەدەن و بەشداری نەکەن، بۆیە هەریەک لە شێخ عیزەدین حوسەینی، کۆمەڵە، چریکی فیداییەکانی لقی کوردستان، گروپ و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی دیکەی وەک کۆمەڵەی بەرگری لە ئازادیی و شۆڕشی کوردستان – سنە، گروپی خوێندکارانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئازاد، ڕێکخراوی مامۆستایانی پێشکەوتوو و حدکا...)، بڕیاریاندا بەشداری لە ڕیفراندۆم نەکەن و بایکۆتی ڕیفراندۆمەکەیان کرد(سنجابی١٣٨١: ٩).[٥٧] بەڵام بە پێچەوانەوە لایەنگرانی مەکتەبی قورئان بەڕابەرایەتی موفتی زادە بەشدارییان لە ڕیفراندۆم کرد(محمود، ٢٠١٢: ٧٤)، لەگەڵ بیست و دوو مامۆستای ئاینیی شاری مەهاباد لەڕێگەی بڵاوکراوەیەکەوە بەشداریکردنیان لە ڕیفراندۆم بەئەرکێکی نەتەوەیی، ئاینیی و مەزهەبیی لە قەڵەم داو وە بەشدارینەکردن لەڕیفراندۆمیان دژ بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ئاینییەکان زانی(اطلاعات، ١٣٥٨, شماره ١٥٨١٧: ٣)، بۆیە ئەم هەڵوێستانەی موفتی زادە و بەشداریکردنی لە ڕیفراندۆم و پاڵپشتکردنی لە کۆماری ئیسلامیی خۆشەویستیەکەی لەنێو خەڵک کەمتر کردوو پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی وەک کۆمەڵەو شێخ عیزەدینی حوسەینی زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و گرژی برد(عزەتیار، ٢٠١٩: ٣٥٠؛ عبداله، ١٣٩٥: ١٤–١٥)، بۆ نموونە کۆمەڵە لایەنگران و چەکدارانی مەکتەبی قورئانیان بە جاش و کرێگیراو ناودەبرد(خبرنامه، شماره ٢٣، ٨/٧/ ١٣٥٨)، یان ئیبراهیمی علیزادە دەڵێت: "لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی شاو هاتنە سەر کاری ڕەوتی مەزهەبیی لەئێران، موفتی زادە چاوەڕێی ئەوە بوو کە ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو ئەو وەک نوێنەری خۆی لە کوردستان بناسێ، بەڵام پاوەنخوازی ڕەوتی شیعە لە تاران ڕێگەی نەدا بەوەی کە ئاواتەکانی ناوبراو بێتە دی..." (سەعیدی ، ٢٠١٢: ٥٢١)، لەبەرانبەردا موفتی زادەش پێی وابوو چەپەکان(کومەڵە)، وەک بەشێک لە چینی باڵا دەستی خوێندەوار ڕۆڵیان هەبووە لە لاوازکردنی یەکێتی لە نێو خەڵکی سنە، وە بۆچوونەکانیان گونجاو نەبوو بۆ خەڵکی کوردستان، چونکە ئەوان لەژێر هزری چەپ و مارکسیەتدا بوون، ئەمە لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمان بوون(عزەتیار، ٢٠١٩: ٣٥٢).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان موفتی زادەو شێخ عیزادینی حوسەینی، سەرەتا پەیوەدنی دۆستانەیان هەبوو دەڕۆشتنە سەردانی یەکتر هەر لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لەڕێگەی سەلاحی موهتەدی پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستبووە(سەلاحی موهتەدی، ٢٠١٤/١٢/١١)، لەم بارەیەوە مەنسور بلوری[٧] دەڵێت: " کاک ئەحمەدی موفتی زادە لە بیرو ئەندێشەی سەید قوتب خۆی بە نزیک دەزانی لەگەڵ شێخ عیزەدینێشدا پەیوەندییان زۆر باشبوو، بەڵام بەداخەوە دواتر کۆماری ئیسلامیی وایکرد موفتی زادە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەسایەتیە سارد بێتەوە..." (مەنسور بلوری، ٢٠١٥/٤/٨) ناکۆکی نێوانیشیان بەهۆی جیاوازی بیروڕای هەردوولا بوو بۆ نموونە موفتی زادە داوای خودموختاری ئیسلامیی کردووە، بەڵام شێخ عیزەدین دەیوت خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسیی بۆ ئێران، بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە دەوڵەتی ئاینیی و مەزهەبیی نەبوو، بە پێچەوانەوە بڕوای بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت هەبوو(ستار، ٢٠١٦: ١٠٠)، بەڵام موفتی زادە دژ بە دەوڵەتی سیکۆلاریزم بوو لەم بارەیەوە دەیگوت: "هەر ئەم سیاسەتە دژ گەلییە، واتە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت ڕۆژبەڕۆژ کۆمەڵگەی مەزن و پۆلاینی تاک پەرەستی بەرەو مەستی و بت پەرەستی هاندەدات..." (ئەحمەدی، ٢٠١٠: ٤٤)، هەروەها سەلاحی موهتەدیش دەڵێت: " دواجار ململانێی نێوان موفتی زادەو شێخ عیزەدین بە قازانجی شێخ عیزەدین بڕایەوە، چونکە مامۆستا شێخ عیزەدین پێگە جەماوەرییەکەی بەهێزتر بوو"( سەلاحی موهتەدی، ٢٠١٤/١٢/١١)، بەڵام هەژاری شاعیر دەڵێت: " زۆر کەس لە کوردانی سابڵاغ و سنە خراپەی ئەحمەدی موفتی زادەیان دەگوت، بەڵام کاتێک لەگەڵی ئاشنا بووم زانیم لە غەرەزێکی نەزانانەوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خراپەی دەڵێن، گوناهی ناوبراو هەر ئەوە بوو کەموسڵمانی بە ڕاستییەو ئەم بڕوایەیی ئەویش بۆ کۆمۆنیست و زۆر لاوانی ئەمڕۆمان قوت ناچێ، ئەو بەدڵ ویستویە ئازادیی بۆ کوردستان بەدەست بهێنێ"( موکریانی ١٣٩٢: ٥٠٩).

هەروەها موفتی زادە زۆر هەوڵی دا مافی نەتەوەیی و مەزهەبیی کورد لە دەستوری ئێراندا لە بەرچاو بگیرێ، بۆیە کاتێک ئایەتوڵلا سەید موحەممد سادق حوسەین ڕۆحانی بەر لە پەسەندکردنی دەستور باسی لە مەزهەبی فەرمی وڵات کردووە، موفتی زادە بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: "بڵاوکردنەوەی قسەیەکی لەم جۆرە کاریگەری گەورەی لەدروستبوونی جیاوازی لە نێوان خەڵکدا هەیە، ئەم کارە ناپاکیە بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بە پێوستی دەزانم لەم بارەیەوە هۆشداری بدەم، دەبێت ئاگاداربن لەوەی کە هێشتا نوسراەکە پەسەند نەکراوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچوونێکی لەم جۆرە باوەڕپێنەکراوە..."( اطلاعات، ١٣٥٨، شمارە ١٥٨٧٣: ٢)[٧٠]، کاتێکیش حکومەتی بازرگان لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٩ ڕەشنوسی دەستوری ئاشکرا کرد، کە تێیدا ئایین و دەوڵەت تێکەڵکرابوو، وە مەزهەبی شیعەش کرا بەمەزهەبی فەرمی وڵات(ئەسەدی، ٢٠٠٦: ١٠٠-١٠٣)، بەمەش پەیوەندی نێوان موفتی زادەو حکومەتی کۆماری ئیسلامیی بەرەو ئاڵۆزی ڕۆشت(موحەممد، ٢٠١٩/٧/١)، لەڕاستیدا کێشەی سەرەکی ناوبراو لەهەمبەر دەستوری کۆماری ئیسلامییدا پەسەند کردنی بەندەکانی ١٢و ١١٥ بوو، کە تەنیا هەڵاواردنی مەزهەبیی بوو، هەربۆیە بەو ئاکامە گەیشت کە دەسەڵاتداران بە هیوای بەدیهێنانی خەونەکانی ئەو نین وەک خۆی دەڵێت:"مەخابن بە داخەوە هەموو ڕیسەکانمان بوون بە خوری..." (زاگرۆس، ٢٠١٩: ٢١١)، پاشتریش ڕایگەیاند: ئێوە کە بەدروشمی ئایینی و بەڵێنەکانتان خەڵکتان بەلای کۆماری ئیسلامیی ڕاکێشا، وە هەر کات من سەبارەت بە مافی ئەهلی سوننەو کورد قسەم لەگەڵ دەکردن، ئێوە لە وەڵامدا دەتانگوت: دەمانەوێت ئیسلام پەیدابکەین، قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) لە ئێران پیادە بکەین، هەرچی ئەوان وتویانە بەپێی ئەوە کار دەکەین...( انتساب پیشمرگان مسلمان بە کاک اعمد مفتی زادە را تکذیب می کنم، ١٣٨٤: ٣٦)، هەر بۆ هەمان مەبەست لەوتارێکدا بە توندی هێرش دەکاتە سەر خومەینی و دەڵێت: "ئێوە دەلێن شیعەو سوننە بەرابەرن، لەکاتێکدا ئەگەر سوننەیەک قسە بە شیعە بڵێت ئێوە دەستبەسەری دەکەن، وە هەرکەس لایەنگری ویلایەتی فقهە نەبێت کاری دەست ناکەوێت، کەواتە حکومەتی تاکڕەوی بەهەر ناوێک بێت جیاوازی لە نێوانیاندا نیە چ ویلایەتی فقهە بێت یان ویلایەتی پەهلەوی..." (پخشی از سخنرانی تاریخی شهید علامە کاک احمد مفتی زادە در کرمانشاە، ١٣٩٨).

کاتێک لە (٦/تشرینی دووەم/١٩٨٠)، بە فەرمانی خومەینی ڕێکخراوی (بەسیج)ی دامەزراند بۆ سەرکوتکردنی خەباتگێڕانی ئازادیخواز لە خوێندنگە، زانکۆکان، شارو گوندەکان ... دواتریش حکومەت کوردە جاشەکانی خستە ژێر فەرمانی سوپای پاسدارانەوە، پاسدار موحەممد بروجردی کە یەکێک بوو لە پاسدارە هاوردەکان بۆ کوردستان و لە شارە جیاوازەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەشەڕەکانی دژ بە گەلی کورد بەشداریکردبوو، بەمەش جاشە کوردەکانی لە ئۆرگانێکدا و لەژێر فەرمانی سوپای پاسداران بە ناوی پێشمەرگەی موسڵمان ڕێکخست(گەوهەری، ٢٠١١: ٤٣١)، دواتریش چەپەکان پێیان وابوو ئەم هێزە لەلایەن موفتی زادەوە دامەزراوە(مەلا تەها، ٢٠١٨: ٤٨٥)، لەم بارەیەوە حەسەن ئەمینی کە یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی مەکتەبی قورئان دەڵێت:


**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**

"ئێمە بەم کارە ڕازی نەبووین، پاش دامەزراندنیشی دژایەتیشمان کرد، چونکە باوەڕمان بە خەباتی چەکداری نیە، وە خودی موفتی زادەش ئەوە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام نکۆڵی ناکەم ڕێژەیەکی زۆر لەوانە پێش پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ئێمە هاوکاریان دەکرد، بەڵام پاش پەیوەندیکردن بەوانەوە لەگەڵ دژایەتی ئێمە ڕووبەڕوو بونەوەو لێمان دابڕان و ڕۆشتن"(انتساب پیشمرگان مسلمان به کاک اعمد مفتی زاده را تکذیب می کنم، ١٣٨٤: ٣٦).

سەرئەنجام کاتێک موفتی زادە لەوە تێگەیشت کۆماری ئیسلامیی مافی کورد نادات، بۆیە خۆی و هەندێک لەلایەنگرانی ڕوویان کردە کرمانشان، وە هەندێکی تریشیان ڕۆشتن بۆ تاران، ئەسفەهان و هەمەدان(م، ٢٠٠٨: ٢٨)، لێرەوە کەوتە دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی و ڕەخنەی لێگرت بەوەی هەڵگری گوتارێکی نا ئیسلامییە، دواتریش هەستا بە دامەزراندنی شورای ناوەندی ئەهلی سوننە(شورای شەمس)، وەک گروپێکی مەدەنی نەوەک پارتێکی سیاسیی، بۆ ئەم مەبەستەش شورا یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە (١٢بۆ ١٣/ئازار/١٩٨١)، بەست بە ئامادەبوونی دەیان زانا و ڕۆشنبیری ئەهلی سوننە لەسەرانسەری ئێران لەوانەش : ناسری سوبحانی، مەولەوی عەبولعەزیز مەلازادە مامۆستای ئاینیی ناسراوی زاهیدان، مەلا عەبدوڵڵا موحەممد وتار خوێنی هەینی سەقز...هتد(مەلا تەها، ٢٠١٨: ٢٨٧؛ مکتب قرآن، ١٣٩٤/٤/١٧)،

ئامانج لە پێکهێنانی ئەم شورایەش بریتی بوو لە: هەوڵدان بۆ ئومەتی ئیسلامیی، ڕێگەگرتن لە دووبەرەکی، تێکۆشان بۆ زیندوکردنەوەو ڕێکخستنی هێزو تواناکانی ئەهلی سوننە لە ئێران، پێکهێنانی کۆمیتە گەلێکی شۆڕشی لەتەواوی ناوچە سوننەنشینەکانی ئێران، دامەزراندن و پتەوکردنی خوێندنگەی زانستیی ئەهلی سوننە، پێکهێنانی وەفدی ئیسلامیی بۆ بانگەشەکردن لەناوچە سوننەکان، بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک کە ئامانج و ئارەزووەکانی ئەهلی سوننە بخاتەڕوو، وە هەوڵدان بۆ ڕێگەگرتن بە سوکایەتیکردن و جنێودان بە کەسایەتیە مەزنەکانی ئیسلام... (کردستان. گذشته، حال و چالش های پیش رو، ١٣٨٢: ٢٦-٢٧)، دوایساڵێک لە (١٤ بۆ ١٥/تەموز/١٩٨٢)، لەماڵی ئەحمەدی موفتی زادە دووەم کۆبوونەوەی ئەم دەستەیە سازدرا لەکۆتای کۆبونەوەکە بەیانامەیەک دەرچوو تێیدا ڕەخنەی توند لە سیاسەتی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران گیرا، دوابەدوای کۆبوونەوەکە دەزگا ئەمنێکان دەستیان دایە دەستگیرکردنی لایەنگرانی موفتی زادەو ڕاپێچی زیندان کران، ئەوە بوو هەندێک لە ئەندامە دیارەکانی مەکتەبی قورئان وەک سەعدی قورەیشی بۆ ماوەی سێ ساڵ فەرمانی زیندانیکردنیان بەسەردا درا، بەمەش تاوەکو ساڵی ١٩٨٤ لە زینداندا بوون،لە ئایاری ١٩٨٢ ناوبراویش دەستگیر کراو بۆ ماوەی پێنج ساڵ فەرمانی زیندانی بەسەردا درا، بەڵام ماوەی دە ساڵ لە زیندان مایەوە(فاتیح، ٢٠١٨:)، لەوێ لە ژووریکدا بوو بەرزێکەی مەترو نیوێک بوو بەجۆرێک نەیدەتوانی بەپێوە ڕاوەستێ، ئێسکەکانی بە تێپەڕبوونی کات شکان و جەستەی وێرانبوو، تا ئەوەی لەساڵی ١٩٩٢ ئازاد دەکرێت و هەر لەشاری تاران بەهۆی نەخۆشیەوە لە (٢٠/تشرینی دووەم/١٩٩٣) کۆچی دوایکرد((ندا، تومسون، ٢٠١٣: ٥٥-٥٦)،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## بەشی دووەم: ژیانی شێخ جەلال حوسەینی و ڕۆڵی لەشۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی سازمانی خەبات

### تەوەری یەکەم: ژیانی شێخ جەلال حوسەینی

شێخ جەلال حوسەینی کوڕی قازی سەید ساڵەحە، لەساڵی ١٩٢٧ لەشاری بانە لە دایکبووە، لەسەرەتای منداڵیەوە لەلای باوکی قورئان و زانستە شەرعیەکان لەگەڵ ئەی شەدەو ئەحمەدی شێخ مەعروفی نۆدێ فێر بووە ، لەگەڵ گوڵستان، بوستان، تەرجیعات و هەندێک لە قەسائید کە هەمووی بەرهەمی مەلا کەریمی مودەریسە، هەروەها عەقیدەی شێخ سەمیع و سهلە ئەلنەوال نوسراوی باوکی لەمێژووی پێغەمبەر(د. خ) خوێندووە(کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا شێخ جەلال حوسەینی:٤)، ناوبراو سەبارەت بەساڵی لەدایکبوون و چۆنیەتی خوێندنی وتویەتی: "ساڵی ١٩٢٧ لە گەڕەکی خوارووی شاری بانە لەدایکبووە، لە تەمەنی شەش بۆ حەوت ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن لە خزمەت باوکیدا قورئان، زمانی فارسیی و بەراییەکانی نەحو و سەرفی خوێندووە، پاش کۆچی دوایی باوکی چۆتە فەقێیەتی، جگەلەوە لە ناوچەکانی بانە، سەردەشت، موکریان، مەهاباد، شنۆ، لاجان، پشدەرو مەریوان، خوێندویەتی و مۆڵەتی مەلایەتی لەمامۆستا مەلا باقری مەریوان وەرگرتووە..." (موستەفا، ٢٠٠٨: ١٦١)، بەمردنی باوکیشی شێخ عیزەدینی برا گەورەی چاودێریکردووە(بەهرامی، ٢٠١٣، ژ ٢٦١: ٨)، ئەو بەر لەتەواوکردنی خوێندنی مەلایەتی پەیوەدنی بەکۆمەڵەی (ژ. ک)ەوە کردووە، پاش بوون بەئەندامی لەم ڕێکخراوەدا لەسەردەمی حدکا و کۆماری کوردستان ناوبراو زیاتر لەبڵاوکراوەکاندا لەنوسینی بابەتی ئەدەبیی بەشداریکردووە(ژیاننامەی شێخ جەلال حوسەینی، ٢٠١١، ژ١٦٧:٢٢٧)، مامۆستا لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: " کۆمەڵەی ژ. ک پڕ بە پێستی کوردەواری بوو، دەیتوانی بێ نامۆی تێکڕای گەلی کورد بهێنێتە ڕیزی تێکۆشان و خەباتەوە بۆ ڕزگاری کوردستان و گەلەکەی، چونکە هەموو ویستەکانی گەلی کوردی تێیدا بوو..." (موستەفا، ٢٠٠٨: ١٦٧).

پاش ئەوەی مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت لە گردگیلانی ڕۆژئاوای بۆکان نیشتەجێ دەبێت و دەست دەکات بەوانە ووتنەوەو هەر لەو ماوەیەدا لەگەڵ خاتوو فاتیمەی کچی مەلا سەید کەریمی واژەیی لەگوندی قەرەگوێز لە ناوچەی بۆکان خێزان پێکدەهێنێت و دەبن بە خاوەنی پێنج کوڕو سێ کچ(بەهرامی، ٢٠١٣، ژ ٢٦١: ٨)، دواتریش وەک مامۆستا لەشاری بانە لە مزگەوتەکەی باوکی دەستیکردووە بە وانە گوتنەوە(بەهرامی، ٢٠١٠، ژ٢٢٧: ٤)، هەرچەند نەیاران و ناحەزانی دژ بە خۆی و خانەوادەکەی کەهەر لە کۆنەوە لەشارەکەدا بوون بەربەرەکانی زۆریان لەگەڵ کردبوون، بەڵام ناوبراو هەر بەردەوام دەبێت لەخەباتی نەتەوەی(کورتە یە ک لە سە رخە بات و ژیانی مامۆستا سە ید جە لال،٢٠١٥)، تەنانەت ئەو فەقێیانەش کەلەلای ئەو دەیانخوێند بەدەر لەبوارە زانستییەکە فێری کوردایەتیشی دەکردن لە دیارترین فەقێکانیشی بریتی بوون لە: مەلا عومەری عەسری، مەلا کەریم و سەید جەمیل ئارام...( حوسێنی، ٢٠٢٠/٧/١٧)، جگەلەوە یەکێک بووە لەو کەسانەی پشگیری لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش لەکاتی ڕاپەڕینی جوتیارانی ناوچەی موکریان پشتیوانی لێکردوون لە بەرانبەر ئاغاکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان(بەهرامی، ٢٠١٩، ژ ٣١٠: ٧).

ناوبراو شارەزایی لەزۆر بواردا هەبووە، بەتایبەت لە مێژوو، ئەدەب و زمانی کوردیی، فارسیی، عەرەبیی، ئایین و جوگرافیای کوردستان چەندین شیعری نوسیوە نەک تەنها بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵکو بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بۆ نموونە شیعری بەسەر پێشمەرگەو شۆڕشی ئەیلول دا هۆنیوەتەوە وەک:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پێشمەرگەی نەوەی سەلاح و شێرکۆ

ئەی پشت و پەنای گەل و ورەی دڵ

یان دەڵێت:

ئەی نیشتمان لەکۆنەوە مات و پەژاری تۆم

مات و پەژاری تۆیی وەکو من هەژاری دڵ... (بەهرامی، ٢٠١٠، ژ٢٢٧: ٤؛ بارامی، ٢٠١٨/٧/١٩).

هەروەها یەکێک بوو لەو مەلایانەی کە بڕوایەکی تەواوی بە دیموکراسیی هەبوو، پێی وابوو دیموکراسیی تیشکی ڕۆژەو هەوای ئازادە هەموو بیرێکی دروستی تێیدا گەشە دەکات و بیری ناڕاست لێی بژار دەکرێ، وە ڕێگەیەکی تایبەت نیە و هیچ نەخش و نیگارێکی نیە، مەیدانێکە هەموو کالایەکی تێیدا ڕادەنوێنرێ و خەڵک هەر کالایەکی بیەوێ دەیکڕێ(کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا شێخ جەلال حوسەینی: ١١). لەباری نەتەوەیشەوە باوەڕی وابوو خەباتی گەلی کورد نە پەیوەندی بە هزری کۆمۆنیستی و نە ئیسلامییەوە هەیە، بەڵکو پێوستە خەباتێکی نەتەوەیی بێت و هەموو دانیشتوانی کوردستان بەهەر ئایین، هزرو ئایدۆلۆژیایەکەوە بەشداربن لەو خەباتەداو خزمەت بەنەتەوەو نیشتمانەکەیان بکەن(بەهرامی، ٢٠٢٠/٧/٤)، لەم بارەیەشەوە عەبدوڵلای حەسەنزادە دەڵێت: "ئەوەی کە مامۆستا تا دوا هەناسەی ژیانی باوەڕی پێ هەبوو دوو شت بوو: یەکێکیان باوەڕ بوون بە خوداو بنەما نەگۆڕەکانی ئایین، ئەوی دیکەشیان بڕوا بەڕەوایی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد تا سنوری سەربەخۆیی و پێوستی خەبات و فیداکاری لە پێناو بەدیهێنانیدا(پەیامی مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە، ١٣٩٩/٤/٢٤)، بەدەر لەمە بڕوای بەیەکڕیزی و دۆستایەتی نێوان کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان هەبووە، لەم لایەنەوە دەڵێت: "ئەوەی لەتواناماندا بێت هیچ کات هەنگاو لە دژی هیچ کوردێک لە دونیادا هەڵنانێن، وە دەستی دۆستایەتی بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات درێژ دەکەین... لەبەرئەوەی گەورەترین تێکۆشان، تێکۆشانی میللی و ڕزگاربوونی میللەتە..."( شێخ جەلال حوسەینی،٢٠١٧)، سەبارەت بە سیاسەتکردنیش پێی وابوو بریتیە لە کۆمەڵە زانیاری، تاکتیک و ڕێوشوێنێک کە مرۆڤ بۆ خزمەتی باشترو ئیدارەی کۆمەڵگا پێوستە لەبەرچاوی بگرێ و بەکاریان بهێنێ، بەلام لەو زانیاری و ڕێوشوێنانە گرنگتر خودی ئەو تاکانەیە کە دەچنە نێو مەیدانی سیاسەت و ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەگرنە ئەستۆ(شێخ جەلال حوسەینی،٢٠١٧)، لەڕووی هزریشەوە دژی هەر جۆرە خورافات و کۆنەپەرستیەک بوو، پێی وابوو کوردستان چەندین ئایین و مەزهەب لەخۆدەگرێت، کە دەبێت هەموان خۆیان بە خاوەن پرس و کێشەکان بزانن و خاوەن مافی یەکسان بن(نورانی فەرد، ٢٠١٩، ژ٣١٠: ٦).

هەروەها پاش سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری(١٩٦٧-١٩٦٨)، ناوبراو پشتیوانی لێکردوون و دڵخۆشبووە بەسەرهەڵدانەوەی شۆڕشی کورد لەم کاتەدا، دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ مەلا ڕەحیمی وردی و قادری وردی کەلە لای مامۆستا خوێندبوویان، هەروەها مەلا ئاوارە کەیەکێک بوو لە ئەندامە دیارەکانی ئەم جولانەوەیە هەبووە و هاوکاری کردوون(بەهرامی، ٢٠١٣، ژ ٢٦١: ٨)، شێخ جەلال خۆیشی لەم بارەیەوە دەڵێت: "بەر لە شۆڕش جێگەی باوەڕی هەموو بەرهەڵستکارانی شا بووم، زۆر نهێنیان لەلا باس دەکردم، ڕژێمی شا منی بە دژی خۆی و دۆستی دوژمنانی دەزانی پروپاگەندی کوردایەتی، دژایەتی ڕژێمی شام دەکرد، بۆ دەربازکردنی قاچاغان بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پێی توانا هەوڵم دەدا، بەڵام لەگەڵ هیچ حیزبێک نەبووم". دواجار شێخ جەلال حوسەینی لەساڵی ٢٠١٠ لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایکرد(مستەفا، ٢٠٠٨:١٦٤؛ ئاریز خەبات، ٢٠١٩/٧/٩).

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی شێخ جەلال حوسەینی لە شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی سازمانی خەبات

دوای ئەوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان لەتاران و شارەکانی دیکەی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ دەستی پێکرد(ئاریز خەبات، ٢٠١٩/٧/٩)، لە شاری بانەش هاوشێوەی شارەکانی دیکەی کوردستان جوڵانەوەو نارەزایەتیەکان دژ بە شا سەریهەڵدا، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە کوڕێکی حاجی مستەفا شافعی، کە یەکێک بوو لە دانیشتوانی شاری بانە لە ئەنجامی وەرگەڕانی لە تراکتۆر گیان لەدەستدەدا، لەکاتی ناشتنی تەرمەکەی لە گۆڕستانی سلێمان بەگ، خەڵکێکی زۆر ئامادە دەبێت، لەوێدا شێخ جەلال حوسەینی وەک مامۆستایەکی ئاینیی ناسراو و وتار خوێنی مزگەوت وتارێک پێشکەش دەکات، کە تێیدا بە توندی هێرشی کردۆتە سەر ڕژێمی بەعسی عێراق بەهۆی سیاسەتەکانی لەهەمبەر گەلی کورد، ئەمەش بووە هۆی زیاتر هاندانی خەڵک تاوەکو بکەونە دروشمدان دژ بەڕژێمی عێراق و تەنانەت ڕژێمی شا (پژمان، ١٩٩٢: ٢١٩)، لێرەوە خۆپیشاندانەکان لەشاری بانە بەردەوام بوون لایەنگرانی شێخ جەلال دروشمی (الله اکبر، شیعاری دینە ئازادیی گەلان هەوێنی ژینە) یان دەگوتەوە(بارامی، ٢٠١٨/٧/١٩)، ناوبراو لەپاش ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە بانە، کەوتە شارو ناوچەکانی دیکە و بۆ شەهیدانی سەردەشت چۆتە شارەکەو هانی جەماوەری داوە کە لە ڕاپەڕین بەردەوام بن و ئەوان بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی سەردەشت دەکەن، لە سەقزیش بۆ یەکەم جار کە ڕاستەوخۆ هێرش کرابێتە سەر شا لەلایەن شێخ جەلالەوە بووە، کە ڕوو بە شا ووتویەتی :" باوک سوتاوی لووت کەڵە شاخ چی لەخەڵک دەویّ". لێرەوە خەڵکی شارەکە ڕەنگێکی دیکەی بەخۆوە گرت و ترسیان لە شا نەما(بارامی، ٢٠١٨/٧/١٩)، پاشتریش لەساڵی ١٩٧٩ سەردانی شاری بۆکان دەکات و لە مزگەوتی نێو بازاڕی شارەکە وتارێکی پڕ لە هەست و سۆزی کوردایەتی پێشکەشی سەدان کەس لە خەڵکی شارەکە کردووە(جەعفەر حامیدی، ٢٠١٧/٧/٢٢)، بەمەش ئاکارو هەڵسوکەوتەکانی مامۆستا دەبێتە هۆی ئەوەی کەلە نێو جەماوەردا بە سیمایەکی شۆڕشگێڕو ڕێبەرێکی تێکۆشەر بناسریّ و متمانەی جەماوەر لەنێو شارە جیاجیاکانی کوردستان بەدەست بێنێت، هەربۆیە ناوبراو چالاکییەکانی بەرفراوانتر کردووە و ڕاستەوخۆ دەستیکردووە بە دژایەتیکردنی شا و بە وتارەکانی لە کۆڕو بۆنەکان هێرشی توندی کردۆتە سەر دەسەڵات(م راگەێندراوی کومیتەی ناوەندی بە بۆنەی هەشتەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی جەنابی مامۆستا،٢٠١٨/٧/٢١).

کاتێکیش بۆ شکستی تەواو سەرتاسەری میللەتی ئێران، حکومەتی شاپور بەختیار، دەستی دایە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە دژ بە کورد، لەوانە گوایە خەڵکی کوردستان بۆ جیابونەوە لە ئێران (شورای همبستگی کردستان)یان پێکهێناوە(توکلی،١٣٦٣: ٢٤٠)، لەبەرانبەردا شێخ جەلال حوسەینی وەڵامی ئەم تۆمەتانەی حکومەت دەداتەوەو دەڵێت: " ئەگەر خەڵکی کوردستان بەتۆمەتی جودا خوازی گولله باران دەکرێت، خەڵکی شارەکانی دیکە وەک تاران، تەورێزو قەزوین بۆچی گولله باران دەکەن، وە هیچ هێزێکی جودا خوازی لەکوردستان بوونی نیە، ئەم پروپاگەندانە تەنیا بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانە... ئێمە هاوشانی خەڵکی موسڵمانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی ئیستبیداد و داگیرکەر تێدەکۆشین..."( کیهان، ١٣٥٧، شماره ١٠٦٢٥: ٧).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پاش سەرکەوتنی شۆڕش و گەڕانەوەی خومەینی و ناردی شاندێک لەلایەن حکومەتی کاتی بازرگان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکانی کورد مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینیش یەکێک بوو لەو کەسایەتیانەی بەشداری لەو کۆبوونەوەدا کردووە، کەتێیدا داواکارییەکانی کورد لە هەشت ماددە دراوە بە حکومەت(فەرشی: ١٩١؛ رناسی:٤٠٨)، دوای ئەوەی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسیی و بەڕێوەبردنی کاروباری شار هاوشێوەی شارەکانی تری ئێران لەشاری بانەش ئەنجومەنی شورا بەڕابەرایەتی شێخ جەلال دامەزرا(ئەحمەدی،٢٠٠٩:٢٥٢)، ناوبراو بەدەر لە ڕێکخستنی کاروباری شار کەوتە هەوڵی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەو بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ حکومەتی بازرگان کەوتە هەوڵ بۆ وەرگرتنی چەک و ڕێکخستنی هێزی بەرگری بۆ پاراستنی ناوچەکە(بەهرامی، ٢٠١٨/٧/١٩)، وە کاتێک خومەینی بڕیاری ڕیفراندۆمی دا شێخ جەلال حوسەینی بایکۆتی ڕیفراندۆمی کردوو بەشداری نەکرد، چونکە دژ بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی زانیوە(بابە شێخ حوسەینی، ٢٠٢٠/٨/٢٩)[٨]. هاوکات لەگەڵ چوونی شێخ عیزەدینی حوسەینی بۆ تاران و دیداری لەگەڵ خومەینی، مامۆستا شێخ جەلالیش لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایان و کەسایەتیە سیاسییەکانی ناوچەکە گەڕانێکی سیاسیان بۆ شارەکانی خواروی کوردستانی ئێران وەک (کامیاران، ڕەوانسەر، جوانڕۆ، پاوە، نۆدشەو دزلی...)، دەستپێکردووە، هانی خەڵکی ئەو شارانەیان دا بۆ یەکڕیزی و بەرزبوونەوەی هەستی کوردایەتی تێیاندا(بەهرامی، ٢٠١٠، ژ٢٢٧: ٤).

دوا ئەوەی خومەینی لە(١٨/ئاب/١٩٧٩)، فەرمانی جیهادی دژ بە کورد ڕاگەیاند(خۆشناو، ٢٠١٠: ١٩١)، پاشان ناوبراو فەرمانی بە ئایەتوڵڵا خاڵخاڵی کرد وەک دادوەری شەرعی بڕواتە کوردستان(اطلاعات، ١٣٥٨، شماره ١٥٩٣٣: ٦)، لەم کاتەدا ئەو چەندین نامەو بروسکەی بۆ شێخ جەلال ناردووە کە گوایە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ڕادەست دەکات و هەرچی پێ خۆشبێ بۆی فەراهەم دەکات، بەڵام مامۆستا شێخ جەلال لەوەڵام دا ووتویەتی: "ئەی ئاخوندنی چنگ بە خوێن من لەوانە نیم کەبەناوی ئایین و دژایەتی ئیمپریالیزمەوە فریوتان بخۆم و ناپاکی بەرانبەر بەخاک و خەڵکەکەم بکەم، من بۆ پۆست و پلەو پایە ڕانەپەڕیوم، هەربۆیە ئەوە ئێوەی داگیرکەرن کەدەبێ خاکە داگیرکراوەکەمان بەجێبهێڵن و دەستبەرداری خوێن ڕێژی گەنج و لاوی کوردبن، نەک بێن خاک و مافی دەسەڵاتی خۆمانمان پێ بفرۆشنەوە..."( مامۆستا سەید جەلال حسینی سەرۆک و لیدێرێکی جیاوازو تایبەت،٢٠٢٠/٧/٩)، دواتر هێزەکانی ڕژێم توانیان هەموو شارەکانی کوردستان بگرن، هێزە چەکدارەکانی کوردستانیش ناچار کشانەوە سنورەکانی ئێران– عێراق(ئەمین، ١٩٩٨: ١٢٦)، بەمەش شەڕو هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر کوردستان سێ مانگی خایاند لە (١٨/ ئاب/١٩٧٩) دەستپێکرد تا (١٧/ تشرینی دووەم/١٩٧٩)ی خایاند(محمود، ٢٠١٢: ٨٢).

دواجار خومەینی بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی داو پەیامێکی بڵاوکردەوە کە داخوازییەکانی گەلی کورد جێبەجێدەکات، لەپاش ئەم پەیامەی ناوبراو، لایەنە کوردییەکان شەڕیان ڕاگرت و هێزەکانی پێشمەرگەش گەڕانەوە بۆ نێو شارەکان(کاوە، ١٩٩٦: ١٢)، پاشان بۆ پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزی کورد بڕیاردرا کە دەستەیەکی نوێنەرایەتی پێک بێت، کە هەموو لایەنە سیاسییە سەرەکیەکان بگرێتەوە، دواجار حیزبەکانی کوردستان لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت بەڕێبەرایەتی شێخ عیزەدینی حوسەینی(حیسامی، ١٩٩٢: ٢٤٣)، ئەوە بوو لەم کاتەدا داریوش فروهەر سەرۆکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

شاندەکەی ڕژێم سەردانی شێخ جەلال لە بانە دەکات و داوای دانیشتن و وتووێژی لەگەڵ دەکات، بەڵام ناوبراو بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە: "کە پێوستە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ عێزەدین کۆببنەوە، لێدوان و داواکارییەکانی هەیئەتی کوردستان هەمان داواو قسەی ئێمەشە"(نورانی فەرد، ٢٠١٩: ٦).

هەر لەم ماوەیەشدا شێخ عیزەدینی حوسەینی بەهۆی ئەو پێگە جەماوەرییەی کە هەیبوو پێوستی بە دەفتەرێک(نوسینگە) بوو بۆ وەڵامدانەوەی خواستەکانی جەماوەی کوردستان، وە یان بتوانن لەم ڕێگەیەوە خەڵکی زیاتر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە(سەلاحی موهتەدی، ٢٠١٤/١٢/١١)، بۆیە ئەم دەفتەرە لەئەیلولی ١٩٧٩ لە توژەڵە دامەزرا، لەبەرئەوەی ڕێکخراو یان حیزب نەبوو، ئەندامێکی زۆری نەبوو، بەڵام کۆمەڵێک کەس یارمەتی دەر بوون لەدامەزراندنی و بەشداربوون لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا، لەوانەش(ڕەحمان عەبدوڵلاهی (شکاک)، کەریم دانیشار، مەلا عومەری عەسری، فاتیح شێخ ئیسلام، ئەحمەد ئەسکەندەری، موحەمەدی موهتەدی ...هتد)(مەلا عومەری عەسری، ٢٠١٥/٣/٣٠) ، ناوەندی ئەم دەفتەرش لە شاری مەهاباد بوو، لقی لەشارەکانی تری کوردستانی ڕۆژهەڵات هەبوو بۆ نموونە لەشاری بانە لەلایەن شێخ جەلالەوە کاروباری دەفتەرەکە بەڕێوە دەبرا(سەردەشتی، ٢٠١٠: ٦٠٩)، پاشان دەفتەر هێزێکی سەربازیشی بە سەرکردایەتی ناوبراو پێکهێنا و لە زۆر لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت بانە و سەقز ئەرکی بەربەرەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمیان لە ئەستۆ گرت و لەم پێناوەدا ژمارەیەکی زۆر کوژراویشیان داوە(ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ١٣٦٦: ١١)، بەڵام کاتێک شێخ عیزەدین حوسەینی ڕایگەیاند نابێت لەدەفتەر هێزی چەکداری بمێنێت، بەڵکو دەبێت بە جیاو لەدەرەوەی دەفتەر بێت، بۆیە شێخ جەلالیش لەڕێگەی بەدەستهێنانی لایەنگری ژمارەیەک لە ئەندامانی دەفتەر و هەندێک لە کەسایەتیە سیاسیی و ئاینییەکان کە دژ بە کۆمۆنیست بوون(مەجیدی، ٢٠١٣، ژ١٢: ١٢٣؛ یزدی و دیگران ، ١٣٨٦: ٢٤)، لە (٢٧/ئاب/١٩٨٠) سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێرانیان دامەزراند(گادانی، ٢٠١٥: ١٤٧)، دامەزرێنەرانیشی بریتی بوون لە: (شێخ جەلال حوسەینی، مەلا خدری عەباسی، مامۆستا کەریم عەزیز، مامۆستا سەید خەلیل شەریفی، تەها مینای، مەحمود ئەمینی...هتد).[١٢٨] وە لەگرنگترین هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەش بریتی بوو لە: یەکەم: خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات هێشتا کاریگەری هزری سەردەمی کۆماری مەهابادیان لەسەر بوو، چونکە پێیان وابوو ئەو کارەی مەلا و حوجرەکان ئەنجامی دەدەن بریتیە لە سیاسەت، بۆیە بۆ بەشێک لە جەماوەر مەرجی بەشدارییان لە خەبات و تێکۆشان ئەوە بوو ئەو ڕێکخرا و تەشکیلاتەی کاری تێیدا دەکەن، لەگەڵ بیروباوەڕیاندا یەک بگرێتەوە(موحەممد، ٢٠١٨/٦/٢١)، دووەم: بەرپەرچدانەوەیەک بوو بۆ پیلان و بەرنامە شەڕەنگێزەکانی خومەینی کە بە بیانووی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان خەڵکی کوردستانی بە بێباوەڕ لەقەڵەم داو هانی دارو دەستەکەی دەدا بۆ جیهاد کردن دژ بە جەماوەری کوردستان کە زۆرینەی موسڵمان بوون، هەر بۆیە دامەزراندی ڕێکخراوێک لەو کاتەدا لەسەر بنەمای بیروباوەڕو لێکدانەوەی ئیسلامیی کە باوەڕی زۆربەی خەڵکی کوردستان بوو پێوستیەکی گرنگ بوو، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانرێ ئەو پروپاگەندانەی خومەینی پێ بەدرۆ بخرێتەوە(ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات،٢٠١٩، ژ٣١١: ١؛ پەیامی شورای سیاسیی سازمانی خەبات، ١٣٦٤، ژ١٥: ٥).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

شێخ جەلالی پێی وابوو ناکرێت بەدژایەتیکردنی ئاینیی جەماوەری کوردستان تێکۆشان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بکرێ، چونکە خەباتکردن پێوستی بە پشتیوانی و هاوکاری گەرمی جەماوەرە(ئەحمەدی، ٢٠٦/٢/٢٣)، هەروەها دەڵێت: "حیزبەکانی کوردستان لە پاش شۆڕش کە لە کوردستان کاریان دەکرد، بە حیزبی دیموکراتیشەوە هەموو سۆسیالیستی بوون، بەخەبات جیاوازیان بوو... وە خەڵکی کوردستان پێیان خۆشبوو حیزب و ڕێکخراوێک هاوشێوەی کۆمەڵەی (ژ. ک)، لە ژێر ڕابەرایەتیکردنی مامۆستا شێخ عیزەدین دروستبێ..."( مستەفا، ٢٠٠٨: ١٦٩).

هەرچەند سازمانی خەبات سەرەتا ڕەوتێکی ئیسلامیی هەڵبژارد بۆ خەباتکردن، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕەوتە چەپەکانی کوردستان بەتایبەت کۆمەڵە، پەیوەندییەکانیان بە قۆناغی جیا جیادا تێپەڕیوەو هەندێک کات پەیوەندیان پتەو باشبوو، هەندێک جاریش پەیوەدییەکانی نێوانیان ساردی تێدەکەوت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شەڕی چەکداری لەنێوانیاندا ڕووی نەداوە(حمەلاو، ٢٠١٧: ٤٤٤)، پاشتریش لەدووەم کۆنگرەی خۆیاندا لە (٦/ئازار/١٩٨٦)، ناو و ئاراستەی هزری گروپەکەیان گۆڕی بۆ سازمانی خەباتی نەتەوەیی و زیاتر بەلای مەیلی نەتەوەییدا ڕۆشتن و مەیلە ئیسلامییەکە تاڕادەیک کاڵبوویەوە(بارام، ٢٠١٤: ١٤٧).

شێخ جەلال حوسەینی و هاوەڵانی چ پێشتر وەک بەرپرسی سەربازی دەفتەر و چ لەدوای دامەزراندنی سازمانی خەبات ڕووبەڕووی چەندین شەڕ لەگەڵ ڕژێمدا بونەتەوە لەوانە: جەنگی یەک مانگەی بانە، بەشداری لە بەرگری شاری سنە، کامیاران، شەڕی سەقز، شەڕەکانی ناوچەی بۆکان، شەڕی نێو شاری بانە و تێکشکاندنی هێزی گاردی جاویدان(هێزی قودس)،... بەڵام دیارترین شەڕیان شەڕی چەژنی قوربان بوو کەلە (١/ تشرینی دووەم/١٩٧٩)، شێخ جەلال ڕایگەیاند نابێت لەشکرو سوپای ڕژێم بەکوردستاندا بگەڕێت لەسەر ڕێگەی سەردەشت – بانە توانیان گورزێکی کاریگەر لە لەشکرو سوپای ڕژێم بدەن و دەیان کەسیان لێ بکوژن دەست بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە چەک و تەقەمەنیدا بگرن(فەیزیان،٢٠١١: ٧؛ پەیامی کاک بابەشێخی حوسێنی، ٢٠١٧/٨/٢٧)، وە ئەو چەکانەشی کە سازمانی خەبات هەیبوو یان بۆ کاتی سەرەتای شۆڕش و لە سەربازگەکان بەدەستیان هێنا بوو، یان لە حکومەتی عێراق وەریان گرتبوو(بەیاننامەی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەلق، ١٣٥٩، ژ٢٣: ٢). پاشان خەبات یەکەمین بڵاوکراوەی خۆی وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئایدۆلۆژی لە ساڵی ١٩٨٤ لەژێر ناوی تێکۆشان وەک ئۆرگان و زمانحاڵی ڕێکخراوەکە دەرکرد(سەروتار،١٩٨٤، ژ١:١٠)، ساڵێک دواتر واتە لەساڵی ١٩٨٥ ڕادیۆی دەنگی خەباتی کوردستانیشی دامەزراند و بەشێوەیەکی سەرەتایی دەستی بەکارەکانی کردووە(ڕاپۆرتی سەرکردایەتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێهەم، ٢٠٠٦: ٤).

سەبارەت بەبەشداریکردنی ئافرەتانیش لەکارو چالاکیەکانی سازمانی خەبات، هەر لەکاتی دامەزراندنی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی و پاش دامەزراندنی سازمانی خەباتیش ژنان بەشێوەی تاک و تەراک چ وەک چەکدار یان وەک هاوکاریی و پشتیوانی هەمە لایەنە لە ئامادەکردنی خواردن، پەرەستاری، سەرپەرشتیکردنی ماڵ و خێزان ...هتد بەشدار بوونە، یان زۆر جاریش ڕاوبۆچوونی خۆیانیان سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان دەربڕیوە(زینب هەڵاڵە حوسەینی، ٢٠٢٠/٧/٢٣). لەم بارەیەوە نەجیبە دەروێشی دەڵێت: "پاش دەستبەسەراگرتنی شارەکان لەلایەن ڕژێمەوە، لەبەرئەوەی براکەم پێشمەرگە بوو، بەو هۆیەوە ئێمەش شارمان



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەجێ هێشت و بەرەو گوندەکان ڕۆشتین، پاشان چووینە بنکەی سەرەکی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین لە ناوچەی بلەکێ لە گوندی کانی مامر گیرساینەوە... لەوێدا دایکم بەبێ بەرانبەر نانی بۆ هەموو بارەگاکانی دەکرد، منیش یارمەتی دایکم دەدا..."(نەجیبە دەرویشی،٢٠٢٠/٨/١٣) ، یان هەندێک لە ژنان وەک خێزانی پێشمەرگە لەگەڵ مێردەکانیان چوونەتە شاخ و نارەحەتی و سەختیان کێشاوە، هەندێکی دیکەش لە ژنان شانبەشانی پیاوان لە کاری ڕۆژنامەو ڕادیۆدا کاریان کردووە(کوێستان کەریمی، ٢٠٢٠/٨/٣) ، بەمەش بەتێپەڕبوونی کات ژنان توانیان لە نێو ڕیزەکانی سازمانی خەبات گەشەکردنی بەرچاو بەخۆوە ببینن و لە بوارە جیاوازەکاندا ڕۆڵی کارا بگێڕن(کوێستان کەریمی، ٢٠٢٠/٨/٣).

پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک لە دامەزراندنی سازمانی خەبات، هەندێک کێشەی نێوخۆی بەرۆکی گرتن، کەسەرئەنجام جیابوونەوەی ناوخۆی لێکەوتەوە، ئەم ڕووداوەش تێکەڵەیەک بوو لە ناتەبای سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و نەسازانی سەرکردایەتیەکەی لەگەڵ یەکتر، یاخود جۆرێک بوو لە هەستی خۆ بەزلزانی و خۆپەرستی و قبوڵنەکردنی یەکترو پتر ئاڵۆزکردنی کێشەکان(سیوەیلی، هەڵەدنی،٢٠١٨: ١٢٥)، بۆیە لەڕێکەوتی (٢٤/ئایار/١٩٨٧)، مەلا خدر عەباسی لە بەیانێکدا جیابونەوەی خۆیان ڕاگەیاندو سەرەتا هەر بەناو و بەرنامەی سازمانی خەبات کارو چالاکیە سیاسییەکانی خۆیان درێژە پێدا، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ناوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی بە (ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران)(مەحمود،٢٠١٢: ٢٧-٢٧٧)، سەبارەت بە هۆکاری جیابوونەوشیان حامید مەعروفی دەڵێت: "بەهۆی ئیرادەی خۆویستی، خۆسەپێنی و حیساب نەکردن بۆ پرەنسیپ و پەیوەندییە ئۆرگانێکانی حیزب... یان شێخ جەلال حوسەینی و کوڕەکانی هەر لەسەرەتاوە وەک بنەماڵە مامەڵەیان لەگەڵ خەبات و هەموو شتێکی ڕێکخراوەکە کرد..." (ژیلوان هەڵەدنی، ٥٠)، بەڵام بابە شێخ حوسەینی لەم بارەیەوە دەڵێت:" هیچ کات هەوڵی پاوەنکردن لە نێو خەباتدا کارێکی خوازراو نەبووە، چونکە بەرزترین ئۆرگانی دەسەڵات لەنێو خەبات شورای سیاسیی بووە..." (سیوەیلی، هەڵەدنی، ٢٠١٨: ١٢٧)، پاشتریش بۆ دەربازبوون لەو گرژی و ناکۆکیەی نێوان هەردوو خەبات، خەباتی شۆڕشگێڕ ڕوودەکاتە قەندیل و تا ساڵی ١٩٩٣ لەوێ ماوەتەوە(موحەممد، ٢٠١٩/٦/١٥).



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**

## ئەنجام

توێژەر لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجام و ڕاستییەک گەیشتووە، کە لێرە دەیخاتەڕوو:

یەکەم: کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشێوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە درێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکان مافەکانیان زەوتکراوە، لەم پێناوەشدا بەردەوام لەهەوڵی خەبات و تێکۆشاندا بوونە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانیان، بۆیە کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری شاهەنشاهیی پەهلەوی دەستپێکرد، کوردیش هاوشانی نەتەوەکانی تری ئێران دەستیان دایە خەبات و تێکۆشان دژ بەم دەسەڵاتە و هێنانە کایەوەی دەسەڵاتێکی نوێ کە بتوانن لە ژێر سێبەریدا بگەن بەمافەکانیان.

دووەم: پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لایەنە کوردییەکان چ ڕەوتی ئیسلامیی و چ ڕەوتە چەپەکە هەریەکەو بە جیا کەوتنە هەوڵی گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرانی حکومەتی تازە دامەزراو، ئەم پەرتەوازەیی و یەکنەگرتنەی لایەنە کوردییەکان بۆ خۆی بوو بە فاکتەرێکی گرنگ کە تاوەکو بزاڤی کوردیی لەم پارچەی کوردستان جارێکی تر نەتوانێ مافەکانی کورد بەدەست بهێنێ.

سێیەم: ئەوە بوو مەکتەبییەکان بەڕابەری موفتی زادە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ڕژێم نزیکبوونەوەو تەنانەت بەڵێنی پێیدانی مافی خودموختاریان لەو دەسەڵاتە وەرگرت، بەڵام دواتر بەهۆی پابەندنەبوونی خومەینی لەسەر بەڵێنەکانی و کردنی مەزهەبی شیعە بە مەزهەبی فەرمی وڵات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی موفتی زادە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکەوێتە دژایەتیکردنی خومەینی، کە دواجار زیندانیکردنی موفتی زادو ژمارەیەک لەلایەنگرانی لێکەوتەوە، ئەوە بوو ناوبراو بۆ ماوەی چەندین ساڵ زیندانی کراو پاش ئازادکردنیشی بەهۆی ئەو سەختیە و ئەشکەنجەدانەی لە زیندان بینیبووی کۆچی دوای کرد.

چوارەم: سەرئەنجام کۆماری ئیسلامیی بەرانبەر بە کورد هیچ ڕێگە چارەیەکی بۆ لایەنە کوردییەکان نەهێشتەوە تەنها ئەوە نەبێت دەست بدەنە چەک دژ بەم ڕژێمە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان، لە هەناوی ئەو دۆخەی کە دروستبوو کەئەویش بەجێهێشتنی شارەکان، ئاوارە بوون و تۆمەتەکانی ڕژێم دژ بە کورد وەک ئەوەی دەیگوت کورد موسڵمان نیە، بووە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و ئیسلامیی بەناوی سازمانی نەتەوەیی و ئیسلامیی خەبات تاوەکو ئەوە بەڕژێم پیشان بدەن کە کوردیش موسڵمانە و مافی نەتەوەیی خۆی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش خەباتی چەکداری لەهەمبەر ئەم دەسەڵاتە هەڵبژارد.

پێنجەم: ئەوە بوو سازمانی خەبات بەهۆی کێشەی نێوخۆی نێو ڕێکخراوەکەو کۆک نەبوونی ڕێبەرەکان لەسەر پرسە گرنگ و هەستیارەکان ئەم ڕێکخراوەش هاوشێوەی حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵات جیابوونەوەی لێکەوتەوە، ئەمەش زیاتر بووە هۆی لاواز بوونی بزاڤی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# The Political Islamic Movement in Eastern Kurdistan (1979-1988), the Qur'an Office and The Khabat Organization, For Example.

**Snawber Sardar Star**
Department of History, College of Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Snawber.Sardar@garmian.edu.krd

**Abstract:**

With the success of the Iranian People's Revolution, the political Islamic movement in eastern Kurdistan has become more and more active. At first, the Qur'an office, which was established by Ahmad Mufti Zada, was only to educate young people on the basis of Islam, but with the success of the Iranian revolution, its direction changed to national work and demand Kurdish rights against the new regime. Later, due to the regime's negative stance on the demands of the Kurdish people, which included self-mayor for Kurdistan within iran, looking at Kurds as non-Muslims in the early 1980s led to the creation of another Islamic organization in Eastern Kurdistan called the Islamic National Struggle Organization of Iranian Kurdistan– Khabat, which, along with other parties in eastern Kurdistan, has begun armed struggles against the regime to achieve the national rights of the Kurdish people in eastern Kurdistan.

**Key words:** Ahmad Mufti Zada, Qur'an Office, Sheikh Jalal Husseini, Khabat Organization.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## سەرچاوەكان:

بێ ناوی نوسەر، کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا شێخ جەلال حوسەینی و بەشێک لە وتارەکانی نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥- ١٩٩٤، ب. ش، ب. س.

بەیاننامەی پێڕەوی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عەزیزی یوسفی ١٩/ حوزەیران/ ١٣٥٧.

ڕاپۆرتی سەرکردایەتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێهەم، ٢٠٠٦.

اسناد لانه جاسوسی، کردستان (١)، شماره٣١، ، نشر دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، ب. م ، ب. س، شماره سند ١٧، موضوع شورش کردها در سنندج.

اسناد لانه جاسوسی، کردستان(٢)، شماره٣٢، نشر دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، ب. م ، ب. س، شماره سند ٢.

خبرنامه، شماره ٢٣، شنبه ٨/٧/ ١٣٥٨.

ئەحمەدی، ڕەشید، ٢٠٠٩، چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم- بیرەوەری ساڵانی ١٩٥٠- ١٩٨٢، ب١، چاپخانەی کتاب ارزان، سوێد.

حیسامی، کریمی, ١٩٩٢، بیرەوەرییەکانم، ب٦، ستهۆکۆڵم.

سەعیدی، بەهمەن، ٢٠١٢، خەبات بەرەو سەرکەوتن، ب١، چ٣.

کاوە، سەعید، ١٩٩٦، ئاوڕێک لەبەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب. ش.

گادانی، جەلیل،٢٠١٠، پەنجا ساڵ خەبات (کورتە مێژووییەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران )، ب١، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

گادانی، جەلیل,٢٠١٠, پەنجا ساڵ خەبات (کورتە مێژووییەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران )، ب١، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

گادانی، جەلیل_, ٢٠١٥، ڕاستی ڕووداوەکان، ب. ش.

موکریانی، هەژار، ١٣٩٢، چێشتی مجێور، چاپخانەی ئانا.

مراد بیگی، حسین، ٢٠٠٤، تاریخ زنده کردستان- چپ و ناسیونالیسم، انتشارات نسیم.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (مەلا عومەری عەسری)، سلێمانی، ٢٠١٥/٣/٣٠، ئەرشێفی توێژەر.

چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحی موهتەدی)، سلێمانی، ٢٠١٤/١٢/١١. ئەرشیفی توێژەر.

گفتوگۆ لەگەڵ (بابە شێخ حوسەینی)، نەرویج، ٢٠٢٠/٨/٢٩.

گفتوگۆ لەگەڵ (مەنسور بلوری) بە ئیمێل، ئەڵمانیا، ٢٠١٥/٤/٨، ئەرشیفی توێژەر.

گفتوگۆ لەگەڵ (نەجیبە دەروێشی)، بە ئیمێڵ، سوێد، ٢٠٢٠/٨/١٣.

گفتوگۆ لەگەڵ(زینب هەلاڵە حوسەینی)، بەئیمێڵ، هەولێر، ٢٠٢٠/٧/٢٣.

گفتوگۆ لەگەڵ(کوێستان کەریمی)، بەئیمێڵ، نەرویج، ٢٠٢٠/٨/٣.

موحەممد، فەیسەڵ,٢٠١٩/٥/٢٧، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعد قورەیشی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی یەکەم، کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی.

موحەممد، فەیسەڵ، ٢٠١٩/٦/١٥، چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەحیم مەعریفەتی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی یەکەم، کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی.

موحەممد، فەیسەڵ، ٢٠١٨/٦/٢١، چاوپێکەوتن لەگەڵ حامید مەعروفی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی دووەم، کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی.

موحەممد، فەیسەڵ، ٢٠٢٠/٨/٢٣، چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر ئیلخانی زادە، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی دووەم، کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی.

موحەممد، فەیسەڵ،٢٠١٩/٧/١، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعد قورەیشی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی چوارەم کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی.

موحەممد، فەیسەڵ،٢٠١٩/٦/٢٣، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعد قورەیشی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی سێیەم کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی.

موحەممد، فەیسەڵ،٢٠١٩/٦/٩، چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی دووەم، کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارتی.

ئەمین، نەوشیران مستەفا، ١٩٩٨، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن- دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣، چاپ و بڵاوکراوەی past fach, ئەڵمانیا.

بارام، حەسەن، ٢٠١٤، ئینسکلۆپیدیای پارت و بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە جیهاندا، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

بلوری، مەنسور، حەسەنخاڵی، موحەممد، ٢٠٠٤، شەڕی نەورۆزی خوێناوی سنە١٣٥٨ مارسی ١٩٧٩ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب. ش.

بێ ناوی نوسەر، ٢٠١٥، سوننەکانی ئێران (چەند سەرنجێکی مێژووی سۆسۆسیاسییە دەربارەی ڕەوشی گشتی سوننەکانی ئێران)، و. بەرزانی مەلاتەها، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

حمەلاو، شەیما سەعید، ٢٠١٧، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا) (١٩٦٩-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

خۆشناو، جاسم توفیق، ٢٠١٠، مەسەلەی کوردو یاسا نێودەوڵەتیەکان، لە بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.

سینا، عەلی، ٢٠٠٦، مێژووی فەندەمیتالیزمی ئیسلامی سوننە لە ئێران، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

سیوەیلی ڕابەر، هەڵەدنی، ژیلوان، ٢٠١٨، سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران ١٩٨٠- ١٩٨٧، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

سەردەشتی، یاسین، ٢٠١٠، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، سەروەت, ٢٠١٤، کاک ئەحمەدی موفتی زادە- دەروازەیەک بۆ خەباتێکی نەناسێنراو، ب١، چ٣، ب. ش.

عەبدوڵڵا، سەروەت، ٢٠١٠، خەرمانێک لەوتە زێڕینەکانی کاک ئەحمەدی موفتی زادە، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، سەروەت، ٢٠١٩، بونیاد نانی خێزان و پەروەردەکردنی تاک لە دیدی بیریاری کورد (کاک ئەحمەدی موفتی زادە)وە، چ٢، سلێمانی.

فاتیح، موحەممد، ٢٠١٨، ژیانی سیاسیی لە ئێران سەدەی بیستەم، دەزگای نارین، هەولێر.

فەرشی، برایم، سەدەی کارەسات، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

کۆچێرا، کریس، ٢٠١٣، بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو ویستی سەربەخۆی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

گەوهەری، حامد, ٢٠١١، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەساڵدا (١٩٧٨-١٩٨٨)، ب١، هەولێر.

محمود، هۆشمەند عەلی, ٢٠١٢، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لەدۆخی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوزی کورد(١٩٧٩-١٩٨٩)،چ١، جاپخانەی شەهاب، هەولێر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

مەلا تەها، بەرزانی،٢٠١٨ ، سۆفیزم و شۆڕش دەربارەی (شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی) و مێژووی خەباتی سوپای ڕزگاری كوردستانی ئێران)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
هەڵەدنی، ژیلوان، موتوربەی بیرو باوەڕان لە حوجرەی مزگەوتەوە بۆ خەباتی شۆڕشگێر، ئەم كتێبە دەستنووسە(توێژەر).
ابراهامیان، یروان، ١٣٩١، ایران بین دو انقلاب از مشروطه تا انقلاب اسلامی، ت.كاظم فیروزمند و دیگران، چ١٦، چاپ سعدی، تهران.
برزین، سعد، ١٣٧٨، زندگینامە سیاسی مهندس مهدی بازرگان، چ٣، نشر مركز، تهران.
پژمان، عیسی، ١٩٩٢، كردها و كردستان، جلد٤، انتشارات ژن پاریس.
توكلی، محمد رئوف، ١٣٦٣، كردستان - جغرافیا و تاریخ بانە، چاپخانە سهیل، ایران.
رناسی، احمد، فراگشایی سیاسی- اجتماعی تاریخ ایران، دورەی سوم، برش سوم، ب. م، ب. س.
سنجابی، كریم،١٣٨١، امدها و نا امیدی ها، انتشارات جبهە ملیون ایران، لندن.
عبدالە، قادر، ١٣٩٥، كردها چە میگویند؟ انتشارات پیشاهنگ.
علی بابای، داود، ١٣٨١، بیست و پنچ سال در ایران چە گذشت؟( از بازرگان تا خاتمی)، جلد١، انتشارات امید فردا، تهران.
عیوضی، محمد رحیم، انقلاب اسلامی و ریشەهای تاریخی ان، دانشگاه پیام نور، ب. م. ب. س.
مفتی زادە، احمد، وحدت اسلامی، انتشارات در پایگاه اطلاع رسانی مكتب قران كردستان، ب. م، ب. س.
منظمی، علی، ١٣٩٢، اندیشەهای قاسملو دربارە دمكراسی برای ایران كثیر الملە، اتحادیە دانشجویان دمكرات كردستان ایران، اربیل.
ولد بیگی، بهرام، ١٣٨٧، ابیدر اغازی بر روزنامە نگاری نوین در كردستان ایران، چاپ و صحافی اراس، تهران.
یزدی، مصطفی و دیگران، ١٣٨٦، تاریخ بیست سالە پاسداری از انقلاب اسلامی در غرب كشور، كتاب سوم، چاپخانە پاسداران انقلاب اسلامی.
الخرسان، صلاح، ٢٠٠١، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦- ٢٠٠١، موسسة البلاخ للطباعة االنشر والتوزيع، بيروت لبنان.
ندا، يوسف، تومسون، ٢٠١٣، دو جلاس، من داخل الاخوان المسلمين.
ستار، سنەوبەر سەردار، ٢٠١٦، شێخ عیزەدینی حوسەینی (١٩٧٩-١٩٨٩)، ماستەرنامە، زانكۆی سلێمانی- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بڵاونەكراوە.
ئەحمەدی، قاسم، حوزەیرانی ٢٠١٠، گوتارە ڕۆشنبیرییەكان لە كوردستان ئێران، دۆسێی ئێران، ژ١٨.
ئەسەدی، شاد عەلی، تەموزی ٢٠٠٦، دەستوری كۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێرانناسی، ژ٣.
م، سینا، ٢٠٠٨، مێژووی بونیادگەرایی ئیسلامی سوننە لە ئێراندا، دۆسێ ئێران(گۆڤار)، ژ(١١، ١٢).
موستەفا، ئەحمەد، ٢٠٠٨، مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینی لە دیمانەیەكی تایبەتدا، گۆڤاری(٢١k)، ژ. جمك(٢- ٣)، هەولێر.
مەجیدی، عەلی ئەكبەر، تەمووزو ئابی ٢٠١٣، چاوپێكەوتن لەگەڵ بابە شێخ حوسەینی سكرتێری گشتی سازمانی خەباتی كوردستانی ئێران، كەوانە، ژ(١٢)، ساڵی دووەم.
انتساب پیشمرگان مسلمان بە كاك احمد مفتی زادە را تكذیب می كنم، ١٣٨٤، گفتوگو با حسن امینی، چشم انداز ایران، پایز.
كردستان. گذشتە، حال و چالش های پیش رو، ١٣٨٢، گفتوگو با احسان هوشمند، چشم انداز ایران، فروردین.
بێ ناوی نوسەر،٣١ی جۆزردانی ٢٧١١ ی كوردی، ٢٠١١ی زاینی، ژیاننامەی شێخ جەلال حوسەینی، تێكۆشان، ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی كوردستانی ئێران، ژ(٢٣٧)، ساڵی بیست و حەوتەم.

بەهرامی، عەلی، ٣١ ی خەرمانانی ٢٧١٠ كوردیی، ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٠ زاینی، چەند دێڕێک لەسەر ژیان و تێکۆشانی زاناو شاسواری ڕێبازی ئازادیی کوردو کوردستان مامۆستا سەید جەلالەدینی حوسەینی، تێکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ژ(٢٢٧)، ساڵی بیست و شەشەم.

بەهرامی، عەلی، ٣ی گەلاوێژی٢٧١٣ی کوردی، ٢٠١٣ زاینی ، مامۆستا سەید جەلال حوسەینی ڕەمزی فیداکاری و هێمای نەتەوەی، تێکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ژ(٢٦١)، ساڵی بیست و نۆیەم.

بەهرامی، عەلی، جولای ٢٠١٩، بیرو ئەندێشەکانی مامۆستا شێخ جەلال چۆڵە چرای ڕێ ڕزگاریی نەتەوەکەمانن!، تێکۆشان ژ(٣١٠)، ساڵی بیست و پێنجەم.

بەیاننامەی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەلق- لقی کوردستان- هەر چەشنە دیفاعێک لە مافە دیموکراتیەکانی گەلی کورد پێوستە لەرێگەی خەبات لەدژی دوژمنی ئەسڵی ئێمە(ئیمپریالیزمی ئەمریکا) دا بڕوات، پوشپەڕی ١٣٥٩، مردم، ژ٢٣، ساڵی یەکەم، ئۆرگانی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران.

پەیامی شورای سیاسیی سازمانی خەبات لە چێژنی ٥ی خەرماناندا، خەرمانانی ١٣٦٤، ڕۆژی ئیعلامی مەوجودیەتی "خەبات"، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی خەبات، ژ(١٥).

ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات بە بۆنەی سی و نۆیەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ٣٠ گەلاوێژی ١٣٩٠، ٢٠١٩ زاینی ، تێکۆشان، ژ(٣١١)، سی و پێنجەمین ساڵ.

زاگرۆس، وڵات, زستانی ٢٧١٩، ٢٠١٩ زاینیی، لە خولیای شۆڕشی ئسلامییەوە تا بازنەی داخراوی پێگەیاندنی هەمووو تاکەکان، گۆڤاری تیشک، ژ ٥٤، ساڵی بیست و یەکەم.

سەروتار، اردیبهشت ١٣٦٣، ١٩٨٤ زاینی ، تێکۆشان، ژ(١)، بڵاوکراوە.

عزەتیار,عەلی, کەعبی, مەعروف، زستانی ٢٧١٩، ٢٠١٩ زاینیی، کێشەکانی نوسینەوەی مێژوو لە خزمەت داڕشتنی سیاسەت هەڵسەنگاندنی کتێبی ئاخرین موفتی کوردستانی ئێران، گۆڤاری تیشک، ژ ٥٤، ساڵی بیست و یەکەم.

عزەتیار، عەلی، زستانی ٢٧١٩، ٢٠١٩ زاینی، شۆڕش، کوردستان و بزوتنەوەی مەکتەبی قورئان، و. ڕەزا فەتحوڵڵا نەژاد، گۆڤاری تیشک، ژ ٥٤، ساڵی بیست و یەکەم.

فەیزیان، کەریم، ٣١ی بانەمەڕی ٢٧١١ کوردی، ٢١ی مەی ٢٠١١ زاینی ، چەند دێڕێک لەسەر ئەو ڕێبەرەی بۆ گەل ژیا، بەشی یەکەم، تێکۆشان، ژ(٢٣٥).

نورانی فەرد کامیل، پوشپەڕی ١٣٩٨، جولای ٢٠١٩، هەڵوێست و بنەما سیاسییەکان لە هزرو باوەڕی مامۆستا شێخ جەلالی نەمر، تێکۆشان، ژ(٣١٠).

ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ توانایان لەدژی یەکتر دەتوێننەوە؟، ڕەشەمەی ١٣٦٦، تێکۆشان، ژ(٢٧)، ئۆرگانی ناوەندی ڕێکخراوی خەبات.

اطلاعات، شماره ١٥٧٩٢، شنبه ١٥ اسفند ماه ١٣٥٧.

اطلاعات، شماره ١٥٨١٢، ٢ شنبه٢٨ اسفند ماه ١٣٥٧.

اطلاعات، شماره ١٥٨١٢، ٢ شنبه٢٨ اسفند ماه ١٣٥٧.

اطلاعات، شماره ١٥٨١٧، ٥ شنبه ٩ فروردین ماه ١٣٥٨.

اطلاعات، شماره ١٥٨٧٣، ١٧ خرداد ١٣٥٨.

اطلاعات، شماره ١٥٨٧٣، ٥شنبه ٢٠ خرداد ماه ١٣٥٨.

اطلاعات، شماره ١٥٨٧٤، شنبه ١٩ خرداد ماه ١٣٥٨.

اطلاعات، شماره ١٥٩٣٣، ٢ شنبه ٢٩ خرداد ماه ١٣٥٨.

اطلاعات، شماره١٥٧٦١، سه شنبه،٢٦دی ماه ١٣٥٧.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

اطلاعات، شماره١٥٧٧٦، ١شنبه، ١٥ بهمن ماه ١٣٥٧.

اطلاعات، شماره١٥٨٧٤، ١شنبه، ١٩ خرداد ماه ١٣٥٨.

كيهان، شماره ١٠٦٢٥، سه شنبه ١٠ بهمن ١٣٥٧.

ئەحمەدی، مەجید، دیمانەیەک لەگەڵ سەید جەلال حوسەینی- سکرتێری سازمانی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران، ٢٠٠٦/٢/٢٣،
https://bit.ly/3sGf5sF

ئەمین، کاوە، ٢٠١٥، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحی موهتەدی، بەرنامەی پەنجە مۆر ، بەشی یەکەم، کەناڵی ئاسمانی رووداو،
https://bit.ly/3wgV3qQ

بارامی، عەلی، ماموستا سەید جەلالدین حسینی، مامۆستایەک بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو!، ٢٠١٨/٧/١٩,
https://bit.ly/3sF2Yw6

بەهرامی، عەلی، ئاورێک لە بیر و هزری نەتەوەیی و شۆرشگێرانەی مامۆستا سەید جەلال حسەینی، ٢٠٢٠/٧/٤,
https://bit.ly/2O7ruXx

پەیامی کاک بابەشێخی حوسێنی بەبۆنەی ٥ی خەرمانان یادی دامەزرانی سازمانی خەبات، ٢٠١٧/٨/٢٧,
https://bit.ly/2Pp6fBh

پەیامی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە کەسایەتی دیار و تێکۆشەری دێرینی کورد بۆ ٣٠ پووشپەر ١٣٩٩/٤/٢٤،
https://bit.ly/2QIOHjJ

حامیدی، جەعفەر، بە بۆنەی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی رەوانشاد مامۆستا شێخ جەلال حسێنی، ٢٠١٧/٧/٢٢,
https://bit.ly/3wbzCaK

حوسێنی، سید رە ئوف، یادێک لە مامۆستای کوردایەتی و زانا و رێبەری نەتەوەیی گەلی کورد جەنابی مامۆستا سەید جەلالەدینی حوسەینی، ٢٠٢٠/٧/١٧،
https://bit.ly/3cC98aE

خەبات، ئارێز، مامۆستا شێخ جەلال سەرکردە زاناو خاکێکەی رۆژهەلات، ٢٠١٩/٧/٩,
https://bit.ly/3wa7fdb

شێخ جەلال حوسەینی،٢٠١٧،
https://bit.ly/3frkoID

کورتە یە ک لە سە رخە بات و ژیانی مامۆستا سە ید جە لال، ٢٠١٥,
https://bit.ly/3uatb5Q

م راگەیێندراوی کومیتەی ناوەندی بە بۆنەی هەشتەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی جەنابی مامۆستا، ٢٠١٨/٧/٢١،
https://bit.ly/31wYmvR

مامۆستا سەید جەلال حسینی سەرۆک و لیدێرێکی جیاوازو تایبەت، ٢٠٢٠/٧/٩,
https://bit.ly/3sEz0Z7

مەحمود، سالار، ئەحمەدی موفتی زادە لەتێروانینی یارو نەیارەوە، ٢٠١٨/٢/١٠،
https://bit.ly/3rCVk46

مەلا تەها، بەرزانی، رەوتناسییو پێناسی (مەکتەب قورئان) لە رۆژهەڵاتی کوردستان (بەشی سێیەم)، ٢٠١٧/٧/٦،

https://bit.ly/2PEdxRn

وتوویژ لە گەڵ مەنسوور سوبحانی : ناسر سوبحانی بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیی کردووە؟، ۱۳۹٤/۱/۱۹،

https://bit.ly/3rEyt80

بخشی از سخنرانی تاریخی شهید علامه کاک احمد مفتی زاده در کرمانشاه سال ۱۳٦۱، ۱۳۹۸,

https://bit.ly/3m9eRYQ

مختصری از زندگینامەی علامه احمد مفتی زاده، ۲۰۱٥/۸/٥،

https://bit.ly/2PqaQD7

مکتب قرآن، چگونگی تأسیس ، اهداف و برنامه های آن و شرح حال کاک احمد مفتی زاده،۱۳۹٤/٤/۱۷

https://bit.ly/3u8IzQb

نامه کاک احمد مفتی زاده به مهندس مهدی بازرگان/ بهمن ٥۷، ۲۰۲۰/٤/۱٦,

https://bit.ly/2PmoF5B

نامه به احمد مفتی زاده و اعزام اقای نوری به کردستان، ۱۳۹۹،

https://bit.ly/3whYldp

زندان قزل قلعه پارک می شود، ۱/اردبهشتت/ ۱۳٥۸،

https://bit.ly/3wdFjot

کاک احمد مفتی زاده،۱۳۹۸،

https://bit.ly/31BoGVG

## پەراوێزەکان:

١- زیندانی قزڵ قلعە: مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قاجارییەکان، لەسەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی کراوەتە زیندان، ئەم زیندانە جێگەی حەوت سەد زیندانی لەخۆدەگرت، سێ باخچەی تێدا بوو لەگەڵ سێ زیندانی گشتی کە هەریەکەو جێگەی سەدو پەنجا کەس بوو، وە لەگەڵ زیاتر لە پەنجا ژووری تاکەکەسی، کەسایەتیە سیاسییەکانی تێدا دەستبەسەر دەکراو بە دڕندەترین شێوە ئەشکەنجە دەدران، دواجار لەسەردەمی حەمەڕەزاشا بۆ لەناوبردنی بەڵگەی تاوانەکانیان هەموو ژووری زیندانەکەیان ڕووخاند. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (زندان قزل قلعه ١٣٩٣/٢/٣).

٢- عەزیزی یوسفی: لەساڵی ١٩٣٠ لەشاری مەهاباد لەدایکبووە، لەتەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی بەڕیزەکانی لاوانەوە کردووە، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان هەوڵی چالاکی سیاسیی داوە، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٤٨ خراوەتە زیندان و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زیندان ماوەتەوە، دوای ئازاد بوونیشی دیسان درێژەی بە خەباتی سیاسیی بە نهێنی داوە، پاشان لەساڵی ١٩٥٥ بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا، بەم هۆیەشەوە لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهیی دەستبەسەر دەکرێت و بۆ ماوەی نۆزدە ساڵ لە زیندان دەبێت، دوای ئازاد بوونیشی لەزیندان لەساڵی ١٩٧٨ بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایکرد. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ((بەیاننامەی پێڕەوی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران, ١٩/ حوزەیران/ ١٣٥٧؛ گادانی، ٢٠١٠: ٢٢٠).

٣- ناسری سوبحانی: لەساڵی ١٩٥١ لە گوندی دوریسانی سەر بە شاری پاوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەدایکبووە، لەپاش تەواو کردنی خویندنی ناوەندی دەستی کردووە بە خوێندنی زانستە شەرعیەکان لەسەر دەستی گەورە زاناکان، دواتریش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، کاتێک شۆڕشی ئێران سەریهەڵدا چەند جارێک سەردانی ڕێبەرانی شۆڕشی کردووەو داواکارییەکانی گەلی کوری پیگەیاندوون، پەیوەدییەکی نزیکی لەگەڵ ئەحمەدی موفتی زادە دا هەبووە، سوبحانی بەیەکێک لە کەسایەتییە کاریگەرو دیارەکان لەمێژووی هاوچەرخی ئێران لەقەڵەم دەدرێت، چونکە دامەزرێنەری ئیخوان موسلمینە لەئێران لەساڵی ١٩٧٩، هاندانی ئەهلی سوننە بۆ بەشداریکردن و پشتیوانیکردن لەشۆڕسی گەلانی ئێرانە، ناوبراو لەساڵی ١٩٩٢ لەسێدارە دەدریت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (سوننەکانی ئێران, ٢٠١٥: ٢١٧-٢١٨).

٤- مەهدی بازرگان: لەساڵی ١٩٠٧ لەدیکبووە، باوکی ناوبراو بەهۆی کاری بازرگانیەوە هەر لەتەمەنی هەژدەساڵیەوە چۆتە تاران، مەهدی بازرگان بڕوانامەی لە ئەندازیاری بەدەستهێناوە، لەسەردەمی حکومەتەکەی موسەدیق ڕۆڵی گرنگی بینیوە، پاش کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ زیندانی کراوە، یەکێک بووە لە ئەندامانی شورای سۆڕش، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کراوە بە سەرۆکی حکومەتی کاتی ئێران، ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایکردووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (برزین, ١٣٧٨: ١٢-١٥؛ علی بابای، ١٣٨١: ١٣٣-١٤٣).

٥- قیادە مووقەتە: لە پاش ڕێکەوتننامەی جەزائیر هەندێک کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان کە کۆمەڵێکیان پەنابەر بوون، چەند کەسێکی دیکەشیان لەدەرەوە بوون، دوای ئەوەی ئەو دۆخە دروستبوو لە ساڵی ١٩٧٥ بڕیاری دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیان دا، دەستەی دامەزرێنەرانیش بریتی بوو لە: (مەسعود بەرزانی، سامی عەبدولڕەحمان، ئیدریس بارزانی، جەوهەر نامیق ...هتد. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (الخرسان، ٢٠٠١: ٤٥٢- ٢٥٢).

٦- سەلآح موهتەدی: کوڕی حاجی عەبدولڕەحمان موهتەدی ئەندامی چالاکی (ژ.ک) و وەزیری سەردەمی کۆمار بوو، لە ساڵی ١٩٣٩ لەدایکبووە، هەر لە منداڵیەوە بەماڵەوە چوونەتە تەبریزو دواتر تاران، قۆناغەکانی خوێندنی لە تەبرێز و تاران تەواوکردووە، لە ساڵانی (١٩٥٧-١٩٥٨) لە زانکۆی تاران لە کۆلێژی ماف وەرگیراوە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی (یەکێتی خوێندکارانی کورد) یان دامەزراندووە، لە ساڵی ١٩٦١ لە ڕێگەی ئەحمەد تۆفیقەوە بووە بەئەندامی حدکا، تا ماوەی سێ ساڵ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دواتر وازی هێناوە، ئەحمەدی موفتی زادە مێردی خوشکی ناوبراو بوو، ئەو تا نوسینی ئەم توێژینەوەیە لە ژیاندا ماوە، ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نیە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ئەمین، پەنجەمۆر، ٢٠١٥).

٧- مەنسور بلوری: لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری مەهاباد لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەو شارە تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ لە زانکۆی تاران بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکانی خوێندووە، یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکان و چالاکوانی سیاسیی، یەکێک بووە لە خوێندکارەکانی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی، ناوبراو تا نوسینی ئەم توێژینەوەیە لە ژیاندا ماوەو لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی. (مەنسور بلوری، ٢٠١٥/٤/٨).

٨- گفتوگۆ لەگەڵ (بابە شێخ حوسەینی)، نەرویج، ٢٠٢٠/٨/٢٩. (بابا شێخ حوسەینی: کوڕی سەید جەلال حوسەینیە و لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری بانە لە دایکبووە، هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە پەیوەندی بە سازمانی خەباتەوە کردووە، لە سەرەتا دا لە نێو ئەم سازمانە پێشمەرگەیەکی ئاسایی بووە، تا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، دوای ئەوەی لە کۆنگرەی سێ دا لە ٢٠٠٤، سەید جەلال حوسەینی وازی لە سکرتێری حیزب هێناوە، ناوبراو بە سکرتێری گشتی سازمانی خەبات هەڵبژێردراوە، لە ژیانی سیاسیی و چەکداریدا (٦) جار بریندار بووە، چەندین جاریش لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە، ناوبراو تا ئێستاش لە ژیاندا ماوەء سکرتێری گشتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە. (بابە شێخ حوسەینی، ٢٠٢٠/٨/٢٩).

٩- (مەلا عومەری عەسری: لە ساڵی ١٩٤١ لە گوندی (داش ئاغلأ) ی سەر بە بۆکان لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٥ دەستی کردووە بە خوێندنی ئاینیی و بووە بە فەقێ، پێش ئەوەی پلەی مەلایەتی وەرگرێ باوەڕی بە مەلایەتی نەماوەو چۆتە نێو سیاسەتەوە، ناوبراو ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداری کردووە لە شۆڕشی ئەیلولی کوردستانی باشور، بەهۆی سیاسەتەوە چەند جارێک زیندانی کراوە، بەشداریکردووە لە بزوتنەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ و پاشان دەستگیرکراوە، نۆ ساڵا حوکم دراوە، دوای شۆڕش یەکێک بووە لەئەندامە دیارەکانی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین. ناوبراو تا نوسینی ئەم توێژینەوەیە لە ژیاندا ماوەو لە وڵآتی سوید دەژی).( مەلا عومەری عەسری، ٢٠١٥/٣/٣٠).

١٠- زینب هەڵاڵە حوسەینی: لەساڵی ١٩٧٣ لەشاری بانە لەدایکبووە، کچی شێخ جەلال حوسەینی دامەزرێنەری سازمانی خەباتە، بەشداریکردنی لەکاری سیاسیی بۆ خانەوادەکەی دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە لەتەمەنی منداڵیەوە ئاشنا دەبێت بە کاری سیاسیی و نەتەوەیی و شانبەشانی خانەوادەکەی بەشدار بووە لەو سەختیانەی کە بۆیان هاتۆتە پێش، تاکو ئێستا لە نێو سازمانی خەباتدایەو بەردەوامە لە کاروچالاکی سیاسیی. (زینب هەڵاڵە حوسەینی، ٢٠٢٠/٧/٢٣).

١١- نەجیبە دەروێشی: لەساڵی ١٩٧٢ لە بنەماڵەیەکی مامناوەندنی شاری بانە لە دایکبووە، کاتێک براکەی ناوبراو دەبێت بە پێشمەرگەی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی، لەو کاتانەشداا دایکی ئەو نانی بۆ پێشمەرگەکان دروست دەکرد، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندی بە سازمانی خەباتەوە بکەن، وە لەپاش هاوسەرگیری زیاتر لە ڕێکخراوی خەبات نزیک بۆتەوە، چونکە هاوسەرەکەی ئەندامێکی دیاری ڕێکخراوەکە بووە، ناوبراو تا ئێستا لە ژیاندا ماوەو لەوڵاتی سوێد دەژی.(نەجیبە دەروێشی،٢٠٢٠/٨/١٣).

١٢- کوێستان کەریمی: لەساڵی ١٩٧٠ لەشاری بانە لەدایکبووە، هەر لەسەرەتای ئاوارەبوونی کوردو زوڵم و ستەمی حکومەتی ئێران تێکەڵ بەکاری سیاسیی بووە، بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ بەشێوەیەکی فەرمی چۆتە نێو کاری سیاسەت و تەشکیلاتەوە و پەیوەندی بە سازمانی خەباتەوە کردووە، پاش دامەزراندنی ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات وەک ئەندام درێژەی بەکاروچالاکی سیاسیی داوە. ناوبراو تا ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە وڵاتی نەرویج دەژی. (کوێستان کەریمی، ٢٠٢٠/٨/٣).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper20 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021